پێشەکی

پێشەکی

یەکێك لە سیماکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دیاردەی فرە ئایینی و فرە مەزهەبیە کە زۆر کەم بایەخی پێدراوە یەکێك لەو ئایینە کوردیانەی کە بێگانەکان زۆر بایەخیان پێداوە ئێزیدیەکانن ئەوان توانیویانە زۆر لایەنی شاراوە لەو ئایینە بدۆزنەوە بیخەنە بەردەستی خوێنەران کەچی لایەنی کورد زۆر کەمتر بایەخ بە ئایین بە گشتی و بواری ئێزیدیەکان داوە بەتایبەتی .ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە بواری زانستە ئایینەکان لای ئێمە زۆر بەدواوەیە کەئیمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر هەست بە بوونی دەکەین وە پێویستیمان پێی هەیە،هەوڵ بدرێ هەموو ئەو نوسین و کتێبانەی دەربارەی ئەم ئایینە هەیە کۆبکرێتەوە و بیخەنە بەر دەست لێکۆڵێنەران .

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ئێزیدیەکان یەکێکن لەو ئایینانەی کەلە کوردستان بوونی هەیەو وەکوردستان وەکو مەڵبەندێکی دیاری ئەم ئایینەیەو وەتایبەتە بەنەتەوەی کورد، کەسەرەڕای ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و ووتارانەی کە لەلایەن نووسەرانی عەرەب و ڕۆژهەلاتناس و هەندێ کوردەوە دەربارەی ئایینی ئێزیدی نووسراون تا ئێستا نەتوانراوە بە تەواوی گەلێ لایەنی شاراوەی ئەم ئایین ڕوون و ئاشکرا بکرێ،هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێزیدیەکان نەیان ویستووە کەلایەنە شاراوەکانی خۆیان بۆ گەلانی بێگانە باس بکەن وەهەروەها ئێزیدیەکان لەبەر نەزانی و هەندێ ئامۆژگاری ئایینی هەوڵیان نەداوە مێژووی تایفەو بڕواو هەندێ داب و نەریتی خۆیان بنووسنەوە،لەئەنجامدا گەلێ بنەمای ئایینی و ڕووداوی مێژوویی و نەریتی ئەوان لە بیرکراوە یاخود تێکەڵ بە بڕواو نەریتی گەلانی تر کراوە.

لە بەشی یەکەمدا هەوڵ دەدەم لایەنی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە دیاری بکەم ،وە باس لە تەواوی بیروباوری ئەم ئایینەبکەم . وەهەروەها باس لە کەسایەتی شێخ ئادی دەکەم کەچ رۆلێکی گرینگی هەبووە وەکو مۆرکێکی ئایینی و نەتەوەی بۆ ئێزیدیەکان ،هەروەها باس لە پەیوەندی ئەم ئایینە لەگەڵ ئایینەکانی تر دەکەم کە چ بنەماو پەیڕەوێکیان لەم ئایینانە وەرگرتووە،وە لەچیدا هاوبەشن

لەبەشی دووەمدا باس لە کتێبەکانیان دەکەم کە دوو کتێبیان هەیە جلوە و مەسحەفی ڕەشن وە مێژوو و نوسینیان ڕوون بکەمەوە وەهەروەها گرینگی و گەورەیی مەلیکە تاوس لای ئێزیدیەکان ڕوون دەکەمەوە کە بەگەورەی فریشتەکانی دادەنێن، دواتر باس لە نوێژوو و ڕۆژوو و جەژنەکان و قەدەغەکراوەکانیان دەکەم

وە ئەو گیروگرفتانەی کەلەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕووی بوومەوە نەبوونی سەرچاوەی ڕەسەن بوو لەسەر ئێزیدیەکان کە بتوانم توێژینەوەکەم پێ دەوڵەمەند بکەم کە نەم توانی ڕەسەنایەتی ئەم ئایینە بخەمە ڕوو.

لەبەر ئەوەی ئێزیدیەکان بەشێکن لە میللەتی کورد ئایینەکەیان لە ئەمرۆدا تاکە ئایینێکە کە ڕێی بە پەیڕەوکەرانی داوە بە زمانی کوردی یەزدان بپەرستن و بەگوێرەی بڕوای ئەوان تایفەکەیان یەکەم تایفەیە کە خوا خوڵقاندوویەتی وەیەکەم تایفەشە بێ لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشتەوە،جگە لەوەی کە تا ئێستا بە گوێرەی پێویست لەناو کوردا بایەخ بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئایینە نەدراوە،بۆیە بە ئەرکێکی زانستیم زانی بەم لێکۆڵینەوەیە ئەو کارە بخەمە ئەستۆی خۆم هیوادارم کە خزمەتێکی بچووکی مێژووی کوردم کردبێ.

بەشی یەکەم : پوختەیـەك لـەمێژووی سـەرهەڵـدانی ئایینەکـــــە

تەوەری یەکەم : بۆچوونەکان سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئایینەکـە

تەوەری دووەم : شێخ ئـادی کـوڕی مسافر

تەوەری سێیەم : پەیوەندی ئایینی ئێزیدی لەگەڵ ئایینەکانی تر

تەوەرەی یەکەم: بۆچوونەکان سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئایینەکە

ئایین بریتیە لە کۆمەڵێك بیروباوەر کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو پشتی پێ بەستووە کە ئەوانیش بریتینە لە پەرەستنی شتێك یان واقیعێك کە لەلای مرۆڤ پیرۆزە جا ئەم پیرۆزیە زۆر لایەن لە خۆ دەگرێت ئەوانیش وەکوو پەرەستنی خودا یاخود شتە سروشتیەکان وەکووو رۆژ و مانگ و ئەستێرە و یاخود پەرستنی شتە هەست پێ کراوەکان ، بۆیە دەبینین کە چەندین شارستانیەت دروست بوونە کە ئایینێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە یان ئەوەتا ئایینێکی ئاسمانیە یان بت پەرەستیە.[١] رای وا هەیە کە دەڵێت دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پێش دەرکەوتنی مەسیحیەت و ئیسلام و بۆچوونی تر هەیە دەیگەرێنێتەوە بۆ سەردەمی دەسەلاتی ئومەویەکان لە جیهانی عەرەبی ، ئەم ئایینە بەوەلە ئایینەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە لە جۆری بیر و باوەریان و هەروەها پەرستنی شتێکی تر بە فریشتەی حەقی خۆیان و بروای ئەوان بە (مەلیك تاوس) وەکو فریشتەی حەق ،ئەم ئایینە لەگەل چەند ئایینی تر جیاوازیان هەیە لە باوەر و پەرەستنەکەیان وەکو ئیسلام و مەسیحیەت و سەرەرای ئەمە لەگەل چەند ئایینی تر خاوەن یەك بیر و بۆچوونن تەنها لە کەسایەتیەکانیان[٢] شارەزایەکی بواری ئایینی ئێزیدی(پیر خدر) دەڵێت: ((بروای وایە کە ئایینی ئێزیدی ئایینێکی ئەفسانەییە کە چاوتێبری کەمێك کەس وایکردووە کە ئەم ئایینە بێتە دی دەلێت شتێکی بەرچاو بووە کە ئایین بە ویستی کەسانێك بێتەدی لە سەردەمانی کۆندا کە جیهانێکی سەردەمی نەزانین بووە و ئایینی ئێزیدیش یەکێك بووە لەم ئایینانە کە چەندین تایبە تمەندی تێدایە کە جیاواز دەکرێتەوە لەگەل ئایینەکانی تری سەردەمی پێشووتر و سەردەمی ئێستای خۆی لەرووی پەرستن و بیر و باوەرەکەیان سەبارەت بە جۆر و شێوازی پەرستن و پارانەوە و عیبادەت کردن.[٣]

---

(١) سەلام ناوخۆش ، زمانی ئایینی کورد ، چ. رۆژهەلات، هەولێر ، ،چ٢، ٢٠١٢ ، ل ل ٩-١٠

(٢) میهرداد ئیزەدی ، ئایین و تایفە ئایینیەکان لە کوردستاندا ، و: کامەران فەهمی ،سلێمانی ،ب.م.بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)،٢٠٠٢، ل ٢٠

(٣) سمکۆ محمد ،ئایین و کەمینەکان لە کوردستاندا، ،چ. هێڤی ،هەولێر ،چ١،٢٠١١،ل ٣٠

ووشەی ئێزیدی لەو مرۆڤانە هاتووە کە باوەریان بە ئێزی و تاوس ملك هەیە و (یزت-ایزد-یزد-ئێزیدی) ئەو روحە پاکانەن کە بەرپرسیارن لە هەلسورانی کەون و لەویشەوە ووشەی یەزدان واتە خودا هاتووە.ئایینی ئێزیدی وەکوو هەر ئاینێکی تری کۆن وەکوو زەردەشت و مانەویەت بوونی هەبووە لە کۆندا یان بە پاشماوەی زەردەشتی دەتوانین دای بنیێن کە لە نێو گەلانی ئاری بە تاییەتی فارس و کورد سەری هەلداوە .[1] ئێزیدی :یەکێکە لەو ئایینەی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە کە بە پێی هەندێ سەرچاوەی تر بە شەیتان پەرەست یا فریشتە پەرەست دەیانگەرێننەوە و ناویان دەبەن .[2] ئەو ئایینەیە کە تەنها کورد بە شوێنکەوتووی دادەنرێت واتە ئەم ئایینە لە نێو هیچ نەتەوەیەکی تر بوونی نییە جگە لە کورد بە پێچەوانەی ئایینی زەردەشتی و ئیسلام کە چەندین نەتەوە لەخۆی دەگرێت .[3] بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو لە پێش ئیسلام دا هەندێ خەلك لەسەر ئایینی سروشت پەرەستی بوون هەروەك کوردەکان لەسەر زمانی زەردەشتی بە ناوی (داسنی) ناویان هاتووە کە لە راستی دا هەر ئێزیدیەکانن کە بەلای پیاوانی ئایینە ئاسمانیەکان بە (دێو پەرەست) دا دەنرێن کە تا ئەم سەردەمە هەر پیێان دەوتن (داسنی) کە بە ناوی چیای داسنی کە لە سنوری هەکاری یە کە شێخ (ئادی موسافیر) دەسەلاتی هەبووە و مێژوو دەریدەخات کە دێو پەرەستی ئایینێك بووە کە هەتاوەکوو دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام هەر لە ناو خاکی ئێران دیار و باو بووە ،بەشێك لە رۆشنبیرانی ئێزیدی لایان وایە رەچەلەکی ئایینی ئێزیدی لە بنچینەدا ئایینی زەردەشتیە و مێژووی بۆ سەردەمی زەردەشتیەت دەگەرێتەوە ،بەلام بە هۆی کەمتەرخەمی چەند کەسانێك لە بەرامبەر ئایینەکە و زۆر نووسراوی ئایینی خۆمان نەنوسیووە و دەستکاری تێدا کراوە و بۆیە دەبینین ئەمرۆ وای بەسەر هاتووە کەچی لە راستیدا ئایینی زەردەشتیە و لە بنچینەدا بە ئایینی فەرمانرەوایی میدیا و فارسدادەنرێت.[4]

---

(١) شاکر فتاح ،یەزیدیکان و ئایینی ئێزیدی ، چ. کامەران، سلێمانی ،١٩٦٩، ل ل ١-٢

(٢) ماکسیمیلیان بێتنەر ،هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکان (جلوە و مسحەفا رەش) ،و: حەمید عەزیز ، چ. ئاراس ،هەولێر، چ. یەکەم ، ٢٠٠٦،ل٧

(٣) سەلام ناوخۆش بکر ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٨٥

(٤) شاکر فتاح، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل ٨-١٠

هەندێ لە سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن کە مێژووی ئایینی ئێزیدی دەگەرێتەوە بۆ پەرستنی هێزە سروشتیەکان وەك خۆر و مانگ و ئەستێرە و باوەر بوونیان بە هێزی خێر و شەر و تاریکی و روناکی لە لای نەتەوە ئارياييەکان دا کە پارێزەری بیر و باوەری ئایینی یەکجار کۆنن ، بەلام بە تێپەربوونی کات تێکەل بە ئەفسانەوحیکایەت وئایینە نوێەکان بووە و زۆرتری ئایینەکان لەلای ئەم خەلکە لە ژێر کاریگەری ئایینە ئێرانیەکاندایە وەکوو زەردەشتی و مانی ، ئایینی ئێزیدی لەسەر بنەمای ئایینی زەردەشتی دامەزراوە و بۆ ئەم سەردەمە دەگەرێتەوە .[1] دیارکەوتنی ئێزیدیەکان بۆ سەددەی دوانزەهەم و سێنزەهەم زایینی دوای رووخانی دەولەتی ئومەوی تاکوو سەددەی نۆزدەم زایینی دەگەرێتەوە [2] هەروەها ئێزیدیەکان دەگەرێنەوە بۆ سەددەی دوانزەهەمی زایینی کە ئەم بنەمای لە سەرچاوەی مەسیحی هەلێنجاوە کە ئاماژە بەوە دەکات خەلکی وا هەن رۆژ دەپەرستن و باوەریان بە زەردەشتی فارس هەیە کە بە (شمسیە) ناسراون کە لەوە دەچێت هەر ئێزیدیەکان بن کە ئەمەش زۆر پەسەند نەکراوە چونکە گەلانی پێشتر هەبوونە کە رۆژیان پەرستووە [3] هەندێکی تر بە درێژە پێدەری ئایینی ئیسلام سەردەمی یەزیدی کوری معاویەی دادەنێن هەر وەك (پیر خدر) کە رێبەری روحی ئێزیدیە دەلێت:((کە سەردەمی عومەری کوری خەتاب هات و دواتر سەردەمی موعاویە هات و یەزید هات لە کوردستان ناوچەی میری میرگەیا ئێزدی بووە ،چونکە ئێمە بەری موسلمانان هەبووینە و ناومان (ئەزدانی) بووە و ئیدی ئەم بۆچوونە ئێستا دژی ئێمە و سرینەوەی ئێمە بووە و راست نییە ئێمە دێو پەرەست بین)) [4]. توێژەرێك دەلێت : ((شێخ ئادی کوری موسافیر کوری أسماعیل کوری موسای کوری مەروان ، کە حاکمێکی ئومەوی بوە و بۆسەردەمی ئەو دەگەرێتەوە [5]

---

(١) حشمەتوولا تەبیبی ،ئایین و زمان و رەچەلەکی کورد ، و:رەفعەت موراد‌ی، سلێمانی ،٢٠٠٨،ل ل٨٥-٨٦

(٢) ئەنستاس مەری کەرمەلی ،کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکان جیلوە و مەسحەفارەش ،و:نەجاتی عەبدولا،هەولێر،چ.ئاراس ،١٩٤٧،ل١٠

(٣) سەلام ناوخۆش بکر، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل٨٦ -٨٧

(٤) سمکۆ محەمەد ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٨٤

(٥) أزاد سعید سمو ،الیزیدیة من خلال نصوصها المقدسه ، ط١، بیروت ، ٢٠٠١، ص٢٨

شێخ ئادی موسافیر خاوەن تەریقەت بووە و مەبەستی ئەوە بووە کە(تەریقەتی عەدەوی) لە ناوچەکانی دەوروبەری بلاوبکاتەوە کە لە ژێر دەستی عەباسیەکان بووە کە هەندێك کەس دەڵێن لە ئایینی ئیسلام هەڵگەراوەتەوە و هەندیٚ تر دەڵێن لە پاش مردنی خەلکەکەی لە ئیسلام هەڵگەرانەوە و پلەی یەزدانیان داوەتە پاڵ شێخ ئادی و ناوی یەزیدی دەرکەوتووە و دواتر پەرستگای لالشیان دامەزراندووە تاوەکو لە ئیسلام جیا ببنەوە و گۆری شێخ ئادی ئەمرۆ قیبلەی ئێزیدیەکانە، کەواتە ئێزیدیەکان گروپێکی هەڵگەراون لە ئیسلام [1]. هەندیٚ لە ئێزیدیەکان بۆچوونی وایان هەیە کە لەئەفسانەوە نزیکە مێژووی ئەم ئایینە دەگەڕێننەوە بۆ (شاهد کوری جراح) کە کوری حەزرەتی ئادەمە کە بە فەرمانی خودا هاتۆتە دونیاوە و حۆرییەکی لە بەهەشتەوە پێبەخشی تا لەگەڵی ژیان پێك بهێنێت و ئاکامی ئەم هاوسەرگیریە کورێك بووە بە ناوی (یەزدان) کە گەلی ئێزیدی بۆ ئەو دەگەڕێنەوە و دەڵێن یەزیدی کوری معاویە دووەمین فریشتەیە لە حەوت فریشتەکە [2]. هەروەها دەگوترێت کە ئێزیدی ناوی میللی تایفەی ئێزیدیە وا دەزانریٚ کە ئەم ناوە لە وشەی (ئیزەد)ی ئێرانی کۆنەوە هاتووە کە مانای (خودایە)یە [3]. سەبارەت بە بۆچونێکی تر ئێزیدیەکان دەگەڕێنەوە بۆ زەردەشتیەکان و ئەم بۆچونە بۆ پەیوەندی نێوان میرێکی ئێزیدی لەگەڵ دووەم پادشای ساسانی (شاپوری یەکەم ٢٤٣-٢٧٣) پێش زایین دەگەڕێننەوە و یەکەم کەس لە ئەوروپاییەکان زانیاری لە بارەی ئێزیدیەکان کۆ کردبێتەوە (میکائیل فیبۆری) بووە کە دەڵێت ئەمانە شەیتان پەرستن و لە رەچەڵەکدا لە نەوەی مانیەکانن و دواتر لە سالی ١٨٦١ زایینی مێژوونوسی ئەوروپی (ئانیسۆرس) باس لەوە دەکات کە ئێزیدیەکان بە رەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر ئاشوریەکان کە لە کۆندا لە عێراق و دەوروبەری دەژیان [4]

---

(١) سەلام ناوخۆش بکر، سەرچاوەی پێشوو،ل٨٧

(٢) حشمەتوولا تەبیبی،سەرچاوەی پێشوو،ل٨٤

(٣) ڤیلادمیر مینۆرسکی ،کورد، و، حمە سعید حمد کریم ، بەغداد،١٩٨٤،ل١١٢

(٤) ئەنستاس مەری کەرمەلی ،کتێبی پیرۆزی ئێزیدیان ،ل ل ١٠-٢٠

بەڕای یەکێك لەتوێژەران ،جیاوازی زۆر هەیە لە مێژووی ئێزیدیان، وای باس دەکات کە ئایینی ئێزیدی ئایینێکی یەکتا پەرستیە و لە هەمان کاتدا سەربەخۆیە وئەم بەلگەشی لە کتێبی شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامە وەریگرتووە کە دەلێت هەندێ هۆزی کوردی هەن کە لە دەوروبەری موسل و شام دا بە ناوەکانی (داسنیە ،خالدیە ، محمودیە) هەن کە باوەریان ئێزیدیە و رەچەلەکیان بۆ ئەوان دەگەرێتەوە و دەلێت هەندێ لە کۆمەڵناسان پێیان وایە مرۆڤە کۆنەکان ، جۆرێك پیرۆزیان داوەتە سروشت ئەمەش تاکەکانی هۆزی گرتوتەوە و کاتێك لە بیروباوەری ئەمرۆی ئایینی ئێزیدی دەروانین دەگەینە ئەوەی کەبیروباوەری (سروشتی) زاڵە بەسەریدا [١] ئایینی ئێزیدی ئایینێکی نەتەوەکۆنەکانی دۆلی رافیدەین کۆنەکانە وەکو بابلی و ئاشوری بەلگەش بۆ ئەمە چەژنی سەری سالی ئێزیدیانە کە هەمان بنەماو تەقالیدیان هەیە و رەچەلەکی ئەمانە زۆر بەوان دەچێت [٢]

ئێزیدیەکان باوەریان بە حەوت ئەستێرە گەورەکانی پیرۆزی بابلیەکان هەیە کە وەکو خوداوەند سەیر دەکرا ئەوانیش :(یودائیل و اسرافیل و میکائیل و جبرائیل و شمنائیل و نورائیل و عزرائل) و گەورەی ئەو خواوەندانە عزرائیلە کە لە باوەری ئێزیدیەکان (ملك تاوس) ە کە بە پێ ی هەندێ کەس واتەی شەیتان دەگەینێت و هەروەها وەکو بەکارهێنانی ناوەکانی (شیوخ سن و شیوخ شمس) کە ناوی گەورەکانی ئەکەدی بووینە و ئەم ناوانە مانای خواوەندی رۆژ و مانگ دەگەێنێت وەکوو ووشەی (سن) واتە (مانگ) کە ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە ئایینێکی کۆنە و مێژوویەکی درێژی هەیە لەگەڵ ئایینەکانی تری کۆنی میسۆپۆتامیا و هاوسەردەم بووە لەگەڵ ئایینەکانی تر [٣]

---

(١) مونیرە ئەبەبکر محمد ، پێگەی ئێزیدیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ،سلێمانی ،٢٠٠٩،ل ل٣٥-٤٠

(٢) مونیرە ئەبەبکر،سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٧

(٣) سليم مطر ، موسوعة اللغات العراقية(خمسة الاف عام من كلام النهرين)،بغداد ، ط ألاول ،مركز دراسات الامة (ميزوبوتاميا)، ٢٠٠٩،ص٢٠

هەندێکی تر ئەم ئایینە بۆ کۆنتر دەگێرنەوە و دەڵێن کاتێ کەشتی نوح لەسەر چیای جودی گیرسایەوە و لەوێ جێگیر بوون پاشان هەر سێ کورەکەی بە ناوی (ئادانە و ئاتانە و شام سان) روویان کردە ناوچەیەك و (ئادانە) پەرستگایەکی لە ناوچەی (ئیسفنی) بە ناوی (لالش) دروستکردووە کە بە کۆنترین وولاتی سوبارتۆ دائەنرێت کە ئەمرۆ بۆتە نزارگەی ئێزیدیان و رەچەلەکیان بۆ ئەدانە دەگەرێننەوە [1]. ڕای تر هەیە کە دەڵێت ئەم ئایینە بۆ ئایینی میترانیەت دەگەرێتەوە بەلگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە سالی ١٩٥٤ زایینی لێکۆلینەوە کرا سەبارەت بەم ئایینە ئەوەی دەر خستووە کە ئەمانە شەیتان پەرست نینە بەلکو لێکچوونێکی نزیك هەیە لە نێوان ئەم ئایینانە و بە پاشماوەی ئایینی میترانی دایدەنێن [2].

جگە لەمەش ناوی (شێخ ادی) لە دۆکۆمێنتە میسریەکان؛ هاتووە بە ناوی (رسائل عن رنە المصریە) سالی ١٣٦٤ پ.ز. پاش ئەو دۆزینەوە زانستیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئایینی ئێزیدی زۆر لە لایەنە شاراوەکانی و بە چەوت باس کردنی وەکوو تاقمێك ناو دەبردرێت و نزیك دەبێتەوە لە کارە رەسەنەکانی مێژوویی و ئایینی و روون دەبێتەوە بۆ ئەوانەی کە دەیانویست بە شێوەیەکی ناراست مەبەست و فەلسەفەی ئایینی ئێزیدی بگۆرن، ئێمە دەزانین کە کتابە پیرۆزەکان سەرچاوەیەکی زۆر باشن بۆ گەران بە شوێن راستیەکان بە تایبەتی روداوە کۆمەلایەتی و فەلسەفی و ئایینیەکان ،بۆیە رۆلێکی زۆر گرنگ لە گەران بە دوای راستیەکانی ئایینی ئێزیدی دەگێرێت بە تایبەتی ئەی پارێزێت لە بزربوون نەمانی ئەو ئایینە چونکە ئەم ئایینە ئایینێکی داخراوە و رێگا نادرێت کە بنوسرێتەوە و دوورە لە دەست لیـکۆلەرەوەکـان و مێژوونوسـان و شـارەزایانی بواری ئایینی[3]

---

(١) مونیرە ئەبەبکر،سەرچاوەی پێشوو،ل٣٨

(٢) هەمان سەرچاوە،ل٤٠

(٣) ئەنستاس ماری کەرمەلی ،سەرچاوەی پێشوو ،ل١٠

ئێمە دەبینین کە خواوەندەکان لای ئێزیدیەکان زۆرن ئەمەش بۆ سەردەمەکانی سەرەتای مێژووی ئادەمیزاد کاتی خۆی لە سەدەکانی بەردین کە مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی بپارێزێت لە لافاو و باران و ناخۆشیەکانی سروشت بۆیە زۆر خواوەندیان داناوە بۆ سروشت بۆ پاراستنیان کە کارەساتەکانی سروشت بەلام بە گوێرەی گۆرانی مێژوو دەوری ئەم خواوەندانە کەم بۆتەوە .خێزانە ئێزیدیەکان رۆژی چوارشەمە وهەینی ئاگر لە مالەکانیان دەکەنەوە و هەروەها لە شوێنە پیرۆزەکانیش دەکەنەوە کە پێیان وایە ئاگر سیمبولی رۆژە لەسەر زەوی و یەکێکە لە دروستکەرەکانی کەون و گەردوون بۆیە وادادەنرێت کە ئایینی ئێزیدی ئایینێکی کۆنی ئادەمیزادە[١]، رای تر وای نیشان دەدات کە کە ئەمانە لە بنەرەت دا مەجوسینە کە بروایان بە رۆژ هەیە و دەیپەرەستن هەر وەك چۆن لە سەرچاوە فارسیەکان باسیان لێ دەکرێت و زۆر بە روونی باس لەوە دەکات کە ئەمانە هەر لە کۆنەوە بروایان بە رۆژ و مانگ هەبووە و پەریستیویانە و بە پاشماوەی مەجوسیەکان دادەنرێن[٢]. ئەم ئایینە لەلایەن ئیسلامەوە رەت کراوەتەوە کە گوایە ئەمانە لە ئیسلام هەلگەرانەتەوە و روویان لە بێ باوەری کردووە و ئەم شوێنکەوتووانەی ئێزیدی لە ناوچەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و ئەرمینیا و قەفقاس و روسیا و ئەلمانیاش بوونیان هەیە.[٣] لە رووی دابەشکردنی چینە کۆمەلایەتیەکان کە چەند چینێکن و هەروەها داب و نەریتی خۆیان لە جل و بەرگ و شوێنی پەرستنیان و هەروەها ئەو پەیوەندیەی کە لەگەل ئایینەکانی تر هەیە وەکوو (زەردەشتی و میترانی و مانیەکان و ئاشوری و بابلی) کە هەم لە کۆنەوە بوونیان هەبووە و هەروەها لەگەل ئایینی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی و چەند ئایینێکی تر کە ئەم ئایینەش تایبەتە تەنها بە گەلی کورد کە هەر کوردن شوێنکەوتووەکانی ئەم ئایینە.[٤]

---

(١)محمد التونجی ،یزیدیان یان شیگان پرستان ، کتابخانە بزرگ ایران ،بدون مکان چاپ، ،٢٠٠٠،ل٥٥

(٢) شاکر فتاح ،یەزیدیەکان و ئایینی ئێزیدی ،ل ل٩٠-٩٥

(٣) میهرداد ئیزەدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١

(٤) سمکۆ محەمەد ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٣١

هەندێکی تر دەڵێن : ((ئێزیدیەکان تاقمێکن کە لە دوای روخانی دەولەتی ئومەوی سەریان دروست بوون کە بە شوێن کەوتووی یەزیدی کوری معاویە دادەنرێن کە سەرەتا بزاڤێکی سیاسیان هەبووە بۆ گەرانەوەی دەسەلاتی ئومەوی و بە رای ئەوان شەیتان پیرۆزە و ناوی مەلك تاوسیان لێناوە [١]. ئاینی ئێزیدی لە ئایینە کۆنەکانی کوردستانە و ئەم دەستەواژەیە لە سەردەمی ئیسلامی دا ماناي یزدانیان نەزانیوە وشەی یەزیدیان بۆ داناوە و هەروەها بۆ یزیدی کوری معاویەیان گەراندۆتەوە و هەروەها لە ئایینی زەردەشتی ئاماژە بە ناوی (یزتە) کراوە و دواتریش بە (ایزد) کراوە و دەووترێت کە ئێزیدیەکان ناوی خۆیان لە سەردەمی ئیسلامی دا گۆریوە بۆ میرنشینی (داسنی) کە میرنشینێکی کوردیە[٢].

ئەم ئایینە بۆ ئەم مەبەستە دانراوەکە هێزێکی گەورە لە کوردەواری دروست بکات و بەم هۆیەوە بتوانن خەلافەتی ئومەوی زیندوو بکەنەوە و بەمەش لە ئایینە ئاسمانیەکان جودا دەبێتەوە و دەڵێن مەلیك تاوس فریشتەیە و جێنشینی خودایە و لە جێگای ئەو کاروباری جیهان بەرێوە دەبات و ئەمەش لە راستیدا دوورە بۆیە ئایینێکی ئاسمانی نییە و مێژووی رەچەلەکی بۆ سەردەمی سروشت پەرەستی دەگەرێتەوە بەلای ئێزیدیەکانەوە ئایینەکەیان تەعبیر لەکۆمەلێك شت دەکات کە بەناوی پیاو و ژنەوە دەست پێ دەکات ئاداب و نەریتی کۆمەلایەتی و بۆنەکان و یادە پیرۆزەکان و تێکستە لەبەرکراوەکان ئایینەکان و جۆری جل و بەرگ و جۆری قژ و دەم و چاو و چۆنیەتی دروست بوونی کەون و فریشتەکان دەگەرێتەوە و هەروەها دەڵێن ئێزیدی ئایینی یەکانەیە نەك دوانەیی هەروەکوو زۆر کەس ئاماژە بۆ دەکات [٣].

---

(١) حەبیبوللاّی تابانی ، هاونەتەوەی کورد و ماد ،و، جەلیل گادانی چ،رۆژهەلات ، هەولێر ، ل٣٩١

(٢) خلیل جندی ،الایزیدیه و الامتحان الصعب ،هولیر،٢٠٠٨،ص٣٥

(٣) م . ن ،ص٣٦

تەورەی دووەم :شێخ ئادی کوڕی مسافر

هەندێ لە مێژوو نووسان و ڕۆشنبیران و نووسەران بە دامەزرێنەری ئەم ئایینەی دادەنێن،کە بێگومان زۆر دوورە لەراستیەوە،چونکە کۆنی مێژووی ئەم ئایینەو دەرکەوتنی شێخ ئادی و یان هاتنی بۆ ناوچەی ئێزیدی زۆر جیاوازە،ماوەی ژیانی شێخ ئادی عدی کوڕی مسافریش بۆ سالآنی ١٠٧٨_١١٦١ز دەگەڕێتەوە،بەلآم زۆرینەی بەڵگەکانی دەرکەوتنی ئایینی ئێزیدایەتی دەگێڕنەوە بۆ پێش زاین ، ئەمە مانای ئەوە نیە کە نکوڵی بکرێت لەو ڕۆڵە گەورەیەی کە شێخ ئادی کوڕی مسافر لە ڕێکخستن و چاك کردن و گەشە پێدان و پێش خستن و پاراستنی ئەم ئایینەدا بینوویەتی،بۆیە پێویستە بزانین کاریگەری ئەم کەسایەتیە لە ئایینی ئێزیدا چی بووە،ئێزیدی بوون لای ئەم کەسایەتیە چ مانایەکی گەیاندووە؟[١]

سەبارەت بە شوێن و ڕەچەلەکی شێخ ئادی برێك لە سەرچاوەکان بە عەرەب و بە خەڵکی بە علەبەك دادەنێن کە لە لوبنانەوە هاتووە و لەلالش لە ناو کوردە ئێزیدیەکان جێنیشین بووە .سیوفی جێگری کونسوڵی فەڕەنسا لە لە بارەی تایفەی عەدەری کە باسی ژیانی شێخ ئادی دەکات نووسیوە شێخ ئادی کوڕی مسافری کوڕی اسماعیل کوڕی مسافر کوڕی مەڕوانی کوڕی مەڕوانی هەکاریە.[٢]

ئادی کوڕی مسافیر ئەحمەدی تیراهی یان ئادی کوڕی زافر لە (دێ) ی (ئەرن) لە هەکاری لە دایك بووە،لەبەر ستەم ڕای کردووە بۆ سوریا و لە (دێی فار) لە نزیك بە علەبەك نیشتەجێ بووە،ڕابەری تیرەکەی بۆ ڕزگاری و ئاشتی کردووە دەستی شاعیریشی هەبووە .[٣]

---

(١) مونیرە ئەبو بەکر محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٤٥_٤٦

(٢) ئەنستاس ماری کەرمەلی ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل١١_١٢

(٣) کەریم زەند ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٢٦_٣٣

شێخ عودەی کەناوی باوکی مسافر کوڕی ئەحمەدی وەردییە،کورد بووە، ژنی نەهێناوە و منالّی نەبووە هەر نازناوی کوردیان پێوە بووە))[1]

ئەم پیاوە یەکێکە لەوانەی کە ڕەسەنایەتی ئایینی ئێزیدی پاراستووە،زۆر سەیرە مێژوونووسانی ئیسلام ئەم کەسایەتیە مێژووییە کەلە سەدەی دوازدەهەمی زاینی ژیاوە بە موسڵمانێکی راستی دەزانن و بڕوا ناکەن کە لەسەر ئایینێکی تر بووە لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانەکان لە ساڵی(٨١٧ك_ ١٤١٥ز) مەزارەکەیان رو خاندووە بەلاّم زۆری پێ نەچووە بڕوا پێکەرانی جارێکی تر بنیادیان کردووەتەوە [2]. وەهەروەها دەربارەی ساڵی مردنی شێخ زۆربەی نووسەران بە ساڵی ٥٥٥ یان ٥٥٧ ك واتە ساڵی ١١٦١ یان ١١٦٢ز دادەنێت پاشان بە گوێرەی مێژووی ئەبولبەرەکاتی کوری ئەلموستەوفی خاوەنی کتێبی مێژووی ئەربیل دەنووسێت :کە موزەفەرەدینی سینۆری ئەربیل وتوویەتی،من منداڵ بووم بینیومە شێخ ئادی بن مسافر پیرەمێردێکی گەنمی بووە بالاّیەکی مام ناوەندی هەبووە،نووسەرێکی تر بەناوی فرانسوانو لە وتاری سەرنجێك دەربارەی مێژوو و ژیانی شێخ ئادی دەکات کە لای وایە لە بەیتی فار لەنزیك بەعلەبەك لە دایك بووە لە تەمەنی (نۆهەد) ساڵی لە نێوان (٥٥٥ _٥٥٧ك ١١٦١_١١٦٢ز) لە هەکاری لە رۆژهەلاّتی موسڵ دا مردووە لە ناوحوجرەکەی خۆشیدا نێژراوە [3]. پاش خۆی هەواو هەوەس و حەز لە مولکداری کەوتە سەری شێخ و سەرکردەکانیانەوە تاکو کردیانە مەسەلەیەکی رامیاری و کێشە لەسەلر مولك و ماڵ بەمە تەریقەکەی تووشی تێکدان و شێواندن هات و بووە مایەی ئەوەی خەڵکێکی زۆری لێ جیاببنەوە و تەنانەت دژایەتیشیان کرد،کەلەنەوەکانی برای شێخ ئادی یەکێك بوو بەناوی (شێخ حەسەن)ەوە کە تەماشای کرد هێزو دەسەلاّتی زۆر بەهێزە فەرمانڕەوایی کەوتە سەریەوە،ویستی گەورەی ئومەوییەکان بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەمەش ئایینی ئێزیدی هێنا کە لەگەڵ تەریقەکەی شێخ ئادیدا بۆ فراوان کردنی دەسەلاّتەکەی ئە نجام

---

(١) ١- لاوك،یەزیدیەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا،کۆڤاری (چیا)،سلێمانی ،کانونی دووەم٢٠١٠،ژ، ٢٩، ل ٦٩

(٢) نەجم ئەلوەنی ، ئاینی ئێزیدی لەنێوان چەند جەمسەری بروای یەکتا پەرستی دا،ل٢٥

(٣) ئەنستاس ماری کەرمەلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢

دانی ویستە سیسیەکانی شێخ (حەسەن) بەر لەوەی خۆی ئامادە بکات مەبەستی خۆی ئاشکرا کرد کەوا ئاینێکی نوێی داهێناوە[1]. یەکێ لەو بیانووانەی کوردە ئێزیدیەکان پێ دەگەڕێنرێنەوە سەر ڕەچەلەکی عەرەب ، چوونی هەندێك هۆزو تیرەی ئەو ناوچەیەیە بۆ سەر تەریقەکەی (شێخ ئادی کوڕی موسافر) کە دوای رووخانی دەوڵەتی ئومەوی و پەیدا بوونی عەلەوی وەعەبباسیەکان پەنایان بردەبەر کوردەکانی ئەوناوچانە[2].

ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەوەی بڕیك لە سەرچاوەکان شێخ ئادی کوڕی مسا فر بە عەرەب و خەڵکی بەعلەبەك دادەنێن لەوەوە بە هەڵە چوون چونکە دوو شێخ ئادی هەبووە، ئەوەی شێخی ئێزیدیەکانە ناوی شێخ (ئادی ئەبولموسافرئیبن بەرەکات) بووە ولە چیایەکانی هەکاری لە کوردستان لە دایك بووە وە هیچ پەیوەندیەکی بە لوبنان نەبووە ،سۆفیەکی عەرەبیش نەبووە، هیچ لۆژیکێش نیە رێ ی تێ ناچێ سۆفیەکی عەرەب کەڕەنگە یەك تاقە ووشەی کوردیشی نەزانیبێ توانیبێتی لە ناو گرو پێکی ئەوها داخراوی وەك ئێزیدیەکان کە لە زمانی کوردی(دیالێکتی کرما نجی)زیاتر یەك زمانی تر نازانن قسە بکەن و تا سەرەتای سەدەی بیستەم تەنیا یەك خوێندەواریان هەبووە کە مشوری کتێبی جیلوەی خواردوە و توانیبێتی ببێتە شێخی روحانی و فریشتەی ئێزیدیەکان ئەگەر شێخ ئادی عەرەب بوایە ئەوا هەر هیچ نەبوایە کتێبی جیلوە کە زۆربەی سەرچاوەکان بە هی ئەوی دەزانن لە ڕەچەلەك دا هەر بە عەرەبی دەنووسرا نەك بە کوردی ودواتریش وەرگێڕاوە عەرەبیکەی هێندە بە زمانێکی عەرەبی شڕ وەرگێڕدراوە کە قەت وا پێ ناچێ ئێزیدیەکان ڕۆژێك لە ڕۆژان تەنانەت یەك عەرەبیشیان لەناودا بوو بێت[3]. ئەمە چی لەوە زیاتر نیە کەوا پتر لە هەزار ساڵە کورد بە دڵ و بەگیان هاتوونەتە سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە لە عەرەبیشیەوە وەری گرت و وەك ئایینی ئێزیدی کە لە پێغەمبەرێکی کوردەوە هاتووە کە ئەویش (زەردەشتە) وبەر لە هەزاران ساڵ لە کوردستانەوە هەڵقوڵاوە. جا کە نەتەوەی کورد بە ئایینی ئیسلام نەبێ بە عەرەب بۆچی دەبێ بە تەریقەیەك لە ئیسلام دا ببێ بە عەرەب؟ لە کاتێکدا کەئێمە دەزانین

---

(١) سەربەست حسێن ، ئێزیدیەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا ،ل٢٨

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل٢٥

(٣) ئەنستاس ماری کەرمەلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣

موڵکی هیچ نەتەوە و ڕەگەزێك نیە و بەکارهێنانی ئایینیش لە پێناوی ڕەگەزو ڕەچەڵەك پەرستی و تواندنەوەی میللەتان کارێکە بەر لە هەر شتێك دژ بەناوەرۆك و پاك وبێگەردی ئەو ئایینە دەوەستێتەوە [١]. شێخ هەر لە زووەوە لە خواپەرستی چووەتە سەر مسافری باوکی کە پیاوێکی زۆر لە خوا ترس و دیندار و نورانی بوو [٢]. نکوڵی لەوە ناکرێ کە ئادی کوڕی مسافر لە کاتێك دەرکەوت کە ئایینی ئێزیدی خەریك بوو لە ناو دەچوو زۆر پێویستی بەم کە کسایەتیە بوو بۆ تازەکردنەوەی ئایینەکە هەرچەندە هەندێ کەس بە عەرەب و موسڵمانی ئەزانن،هەندێ بە کورد و ئێزیدی ئەزانن،هەندێك ئەڵێن پێش بوونی بە ئێزیدی ئایینی تری هەبووە،بەلاّم جێگە و پێگەی ئەم کەسایەتیە زۆر گەورە و بەرز و پیرۆزە،کە شانازی پێوەدەکەن و کاریگەری لەسەر ژیان و فکری و فەلسەفی و ئایینی ئەوان هەبووە [٣]. بەگوێرەی بڕوای ئێزیدی هاتنی شێخ ئادی بۆ لالش بە دوو شێوە بووە یەکەمیان خودا لە ئەزەلدا بڕیاری داوە ئەو کەسە بۆ لالش بۆ ناو ئێزیدیەکان ڕەوانە بکات .دووەمیان لە خەوندا دەنگێك بە شێخ ئادی وتووە هەستە بڕۆ بۆ لالش کە جێ ی تۆیەو خودا لەسەر دەستی تۆ چەند دڵێکی مردوو زیندوو دەکاتەوە . لەبەر ئەوەی شێخ ئادی لەناو ئێزیدیەکان وەکو پێغەمبەر تەماشا کراوە ، بۆیە لایان سەیر نییە وەکو هەندێ لەوان سەردانی ئاسمان بکاو ببێتە میوانی خودا،ئێزیدیەکان بڕوایان بەوە هەیە کە شێخ ئادی نەمردووە ،بەڵکو چووەتە ئاسمان و ڕۆژێك بەرەو تەکیەکەی لە لالش دەگەڕێتەوە لەوێوە حوکمی دونیا دەکات . لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێزیدیەکان تەنانەت پاش مردنی شێخ ئادیش هەتا ئەمڕۆ چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکەن و بەو هیوایە دەژین شێخ ئادی لە ناو ئێزیدیەکاندا نەك هەر لەم دونیا وەکو ڕزگار کەرێك چاوەڕوانیهاتنەوەی دەکەن،بەڵکو ئەوان بڕوایان وایە کە لەم دونیاش هەمان ڕۆڵی لە ڕۆژی حەشردا دەبێت کەلە کوردستان لە چیای سنجار ڕوودەدات ،لەم ڕۆژەدا شێخ ئادی تەرازووی خێرو شەڕ بۆ هەموو میللەتان دادەنێت ،تەنها تایفەی ئێزیدیەکان نەبێت کە بڕوایان وایە شێخ دەیان خاتە سەر سینی و بێ لێپرسینەوە دەیان باتە بەهەشتەوە[٤]

---

(١) سەربەست حسێن، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩

(٢) لاوك،گ.چیا ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل٦٩_٧٠

(٣) منیرە ئەبو بەکر محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٨

(٤) نەجم ئەلوەنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٣٠_٣٢

تەوەرەیسێیەم :پەیوەندی ئایینی ئێزیدی لەگەڵ ئایینەکانی تر

یەکەم : پەیوەندی لەگەڵ بابلیەکان

بابلیەکان یەکێك بوون لە میللەتە دێرینەکانی میزۆپۆتامیا کە لە ناوەراستی عێراق و دەوروبەری دەژیان لە هەزارەی دووەمی پێش زایینی و ئەگەر سەیری بکەین دەبینین ئەم میللەتە ئایینی تایبەت بە خۆیان هەبووە و هەروەها چەندین خواوەندیان هەبووە کە خواوەندی میللیان بریتی بوو لە (مەردۆخ) کە خواوەندی نیشتمانی بوو سەرەرای ئەم خواوەندە چەندین خواوەندی تریان هەبووە وەك خواوەندی (مانگ و خۆر ......تاد) و باوەریان وابوو کە تەواوی خواوەندەکانی تر لە ژێر دەستی خواوەند مەردۆخن ،چونکە بە خواوەندی جیهانیان ناو دەبرد تەواوی دەسەڵاتەکانی لە خۆ گرتبوو[(١)] لێرەدا دەمانەوێت پەیوەندی نێوان ئایینی ئێزیدی و بابلی بخەینەروو،ئایینی ئێزیدی وا سەیر دەکرێت کە ئایینێکی کۆن بێت کە سەرەتاکانی بۆ پێش زایین بگەرێتەوە و یەکێك لەو ئایینانەی کە لە پێش زایین بوونی هەبوو ئایینی بابلی بوو لە ناوچەکانی میزۆبۆتامیا کە پەیوەندیەکی ئەوتۆ بەدەردەکەوێت لە نێوان ئایینی ئێزیدی و بابلی بە تایبەتی لە لایەنی جەژنەکان وەکوو جەژنی (ئاکیتۆ) کە دەکاتە سەری سالی بابلی کە هاوسەردەمە لەگەڵ جەژنی سەری سالی ئێزیدیەکان کە دەکەوێتە مانگی نیسان و یەکێکە لە جەژنە گرنگەکانی ئێزیدی و میللەتی ئێزیدی و مێژووی ئەم جەژنە دەگەرێتەوە بۆ هەزاران سال کە بۆ سەردەمی بابلی و سۆمەری دەگەرێتەوە ،تەقویم یان سالژمێری بابلی بە(١٣) رۆژ دوای سەری سالی زایینی دوادەکەوێت[(٢)] بەرای هەندێك لە لێکۆلەران لە ئایینی ئێزیدی وای دادەنێن کە ئایینی ئێزیدی پاشماوەی بابلیەکان بن و بەڵگەش بۆ ئەم دەستەواژەیە ئەوەیە بەڵگەی شوێنەواری دەهێننەوە ئەوەش ئەوەیە کە نووسراوێکیان دەستکەوتووە کە بە زمانی بابلی نووسراوە کە بە سێ پیت ناوی ئێزیدیەکان نووسراوە (ا-زی-دا) کە ئەمەش مانای روحی چاکە و خراپەکان لەسەر رێگای دروست و لەسەر رێبازی مێژوونوسان ئایینی ئێزیدی دەگەرێتەوە بۆ سێ هەزار سال پێش زایین و ئەمانە پاشماوەی

---

(١) گیرترۆد هارتمان،بنیاتنەرانی دونیای دێرین،و:یادگار حەمە غەریب،هەولێر،چ. خانی(دهۆك)،چ١،٢٠٠٩،ل ل٦١_٦٢

(٢) امین فرحان جیجو ،القومیة الایزیدیة (جذورها-مقوماتها-معاناتها)، دارالکتب ، بغداد، ،٢٠١٠،ص٤٠

ئایینی کوردی کۆنن لە ناوچەکانی سۆمەری و بابلی[١]،هەروەها ناوی ئێزیدیەکان بۆ پەرستگایەك دەگەڕێتەوە کە ناوی (نابۆ) بووکە لە شاری (بۆرسیبا) لە نزیك پەرستگای بابلیەکان کە پەیوەندی هەبووە بە ئێزیدیەکان کە ناویان هەبووە ئێزیدیەکان لە نێو ئەم پەرستگایە گوایە هی ئێزیدیەکان بووە و ناوی خواوەند (نابۆ) یەکێك بووە لە خواوەندەکانی بابلی بۆیە دەتوانین وا بڵێین کە ئێزیدیەکان لە هەمان شوێنی بابلیەکان نیشتە جێ بوونە[٢].

دووەم: میترائی

ئایینی میترائی یەکێکە لە ئایینە کۆنەکانی هیندۆئەوروپی کە لە ناوچەکانی ئێران سەری هەڵدا و دواتر تەشەنەی کرد و لە ناوچەکانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کۆن بڵاو بۆتەوە ، ئایینی میترائی (میترا) بە خواوەندی خۆیان دەزانن و دەیپەرستن و قوربانی بۆ ئەنجام دەدەن و سروشت لای میترائیەکان پیرۆزە ،لێرەدا دەمانەوێت پەیوەندی نێوان ئایینی میترائی و ئێزیدی بخەینەروو هەر لە پەرستنی خۆر هەردووکیان رۆژیان لا پیرۆزە هەروەکوو ئێزیدیەکان لە سەرەتای دەرکەوتنی خۆر لە بەیانیان ووشەی (شیشم) بەکار دێنن ئەمە لای ئایینی میترانیش بوونی هەیە و هەندێ جاریش ووشەی(خودی) بەکار دێنن[٣]. هەروەها بنەمای دامەزراندنی جیهان و دەرکەوتنی حەوت فریشتەکە و دەوترێت کە خودا سەرەتا خۆری دروست کردووە کە رۆژی یەکشەمە بووە هەر بۆیە سەرۆکی بوونەوەرەکانە و دواتر لە دووشەمە مانگی دروست کرد کە ئەمەش لە بیروباوەری میترائی وەرگیراوە کە ئێزیدیەکان بەکاریان هێناوە [٤]، هەروەها لەسەر مەسەلەی جەژنەکان لە ئایینی میترائی بیروباوەری پیرۆزیان هەیە سەبارەت بە چوار وەرزەکانیساڵ و لەهەر وەرزێکدا جەژنی تایبەتیان بۆ هەیە هەروەکو جەژن لە زستاندا کە ماوەی یەك رۆژە لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمدا کە پێی دەووترێت (بلێندە) کە بە چلەی زستان ناودەبردرێت.لە بەهاریشدا ماوەی یەك رۆژە

---

(١) ارشد حمد حمو، الایزیدیون في کتب الرحالة البریطانین،م (خانی) ، دهوك،ط ١ ،٢٠١٢ ،ص٩٩

(٢) سمکۆ محمد ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٢٢

(٣) فرانتس کۆمۆن،نهێنیەکانی ئایینی میترائی،و: فەرهاد عەزیز خۆشناو،هەولێر،چ. خانی(دهوك)،چ١،٢٠٠٨،ل ل١٣-١٦

(٤) عایدە بدر ،بین المیترائیة و الایزیدیة، مجلة لالش،دهوك،عدد ٣٦، ٢٠١٢،ص ص١٢٠-١٢٢

جەژنەکە لە سەرەتای مانگی نیسان کە لە سالنامەی رۆژهەڵاتی هەمان رۆژی سەری ساڵی ئێزیدیەکانە کە بە سەرەتای سەری ساڵی سروشتی دایدەنێن ،لە هاوینیش جەژن بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت و لە پاییزیش جەژنی (جما) دەگرن کە بە جەژنی گشتی ناسراوە کە بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت کە لە٦ تاوەکوو ١٣ تشرینی یەکەمە کە ئەمەش سەبارەت بە جەژنە پیرۆزەکانی میترائی کە دەبینین ئەم جەژنانە هەموویان بوونیان هەیە لای ئێزیدیەکان هەروەکو جەژنی پاییز و زستان و بەهار و هاوین[١].

هەروەها یەکێك لە هاوبەشی و پەیوەندیان بریتیە لەو خاچەی (صلیب) کە لەسەر شێوازی میترا کێشراوەتەوە کە ناوی (سواستیکا)ی لێنراوە کە واتای دەروون دەگەینێت کە لایان وابووە کە خۆر و هەر چوار وەرزەکەی سال هۆکاری ژیانن کەئادەمیزاد دەبێت پشتی پێ ببەستێت و ئەم خاچە لای ئێزیدیەکانیش پیرۆزە بە تایبەتی لای ئافرەتەکان لە کاتی نان کردندا وێنەی ئەم خاچە سێ جار دەکێشن و لە کاتی لە دایك بوونی مندالدا لەناو قوماشێکی سپی دەیپێچن و لەسەر لەشی ئەم خاچە دەکێشن ئەمە پێچەوانەی ناشتنی مردووە لای ئێزیدیەکان کە لە بەرامبەر ئاسۆی هەلاتنی خۆر دەینێژن و ئەمەش بیروباوەری میترائیە کە بۆ ناو ئایینی ئێزیدی هاتووە[٢]،هەروەها دابەشکردنی پایەکانی ئایینی کە لە ئایینی میترائی حەوت بەش دابەش دەبن و ئەمەش لای ئێزیدیەکان هەیە کە ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە هەم لە پەرستگا و کۆمەلگەدا و هەروەها لە رێشتنی روون لە دەوری پەرستگاکان دەبینین ئێزیدیەکان لە دەوری گۆر و پەرستگای شێخ ئادی پەیرەوی دەکەن کە ئەمە لە میترائی وەرگیراوە[٣].

سێیەم : زەردەشتی

ئەم ئایینە لە ناوچەکانی رۆژئاوای باکوری ئێران سەری هەڵدا کە بە ناوی خودی دامەزرێنەرەکەی کرا کە ناوی (زەردەشت) بوو کە لە سالی ٦٦٠پ.ز لە رۆژئاوای دەریاچەی وورمێ (ئورومیە) لەدایك بووە لە سالآنی حوکمرانی میدیەکان لە ئێراندا ببووە ئایینی فەرمی

---

(١) مێهرداد ئێزەدی ، ئایین و تایفە ئایینیەکان لە کوردستان ، ل ل٦٩-٧٢

(٢) مراجع سابق ،ص١٢٣

(٣) م . ن ،ص١٢٤

ئەم دەوڵەتە ،دواتر ئەم ئایینە لە ناوچەکانی دەوروبەری ئێران لە ئەفغانستان و پاکستان و هندستان و چەند ناوچەی تر و ئەم ئایینە کتێبێکیان تایبەت بە خۆیان هەبوو بە ناوی (ئاڤێستا) کە تیایدا باسی هەردوو هێزی (ئەهورمەزدا و ئەهریمەن) دەکات کە خواوەندی چاکە و خراپەن ،ئەگەر سەیری ئایینەکانی تر بکەین کە لە دەوروبەری ئەم ئایینە بلاو بوونەتەوە یان شوێنکەوتووی ئەم ئایینە دادەنرێن باوەریان بەم بیر وباوەری ئەم ئایینە هەیە وەکوو(کاکەیی و ئێزیدی و میترانی و..... هتد).[1] ، لێرەدا باس لە پەیوەندی نێوان ئایینی ئێزیدی و زەردەشتی دەکەین کە لە چەند لایەکەوە پەیوەندی هاوبەشیان هەیە ،ئەگەر سەیری مێژووی زەردەشتیەت بکەین بۆ ماوەی (١١) سەددە بوونی هەبووە لە کوردستاندا و دوای هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم ئایینە مەوداو هەیمەنەتی کەم بوویەوە و دوای چەند سەددەیەك لە هاتنی ئیسلام بەهۆی خراپی بارودۆخ لە نێو خەلافەتە عەرەبیەکان ئەوانە هەلگەرانەوە لە ئیسلام و دیسان گەرانەوە بۆ سەر ئایینی پێشووی خۆیان و بەشێکیان گەرانەوە سەر ئایینی زەردەشتی و ئەگەر باسی ئەم پەیوەندیە بکەین دەبینین لە ئایینی زەردەشتی دوو هێز هەن کە هێزی چاکە و هێزی خراپەن ،(ئەهورمازدا) خواوەندی چاکەو باشی و ئاشتیە بەلام (ئەهریمەن) خواوەندی خراپە و شەر و ناخۆشیە کە ئەم دووانەیە بوونیان هەیە لە نێو ئایینی ئێزیدی و باوەریان بەم دوو هێزانە هەیە کە باوەریان پێ هەیە ، لای ئێزیدیەکان خواوەندی خراپە (ئەهریمەن)خۆی لەسەر شێوەی باڵندەیەکی دڕ و هەڵۆیەك کە ماری بە دەمەوەیە لە پەرستگای (لالش)ی ئێزیدیەکان بەدی دەکرێت و بەهۆی گۆران لەمێژوودا ئەوا وێنەکە گۆرا بۆ شێوەی ئێستای (مەلەك تاووس) کە هەمان مەلەك تاووسی کۆن بووە تەنها وێنەکەی گۆرانی بەسەر دا هاتووە کە ئێستا وێنەکە تەنها تاوسێکە بە تەنیا کە نیشانەیەکە بۆ مەلەك تاووس [2] هەروەها ئایینی ئێزیدی بە پاشکەوتووەکانی ئایینی زەردەشتی دادەنرێت لە بنەرەتدا بەلام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام کراون بە موسڵمان تاوەکوو لە دەستی ئازار و مەینەتی ئەم هێرش و هەڵمەتانە رزگاریان ببێت کە موسلمانان کردوویانەتە سەریان ، ئەگەر سەیری ئەم ئایینە بکرێت هەندێك دەڵێن کە ئەمانە

---

(١) باقی هەورامی ،زەردەشت یان زەرتەشتی کوردی ،سلێمانی ،گۆڤاری وەرزی هەورامان ،ژمارە ١ ،٢٠٠٩،ل٥٧

(٢) سەربەست حسێن ،سەرچاوەی پێشوو ،ل ل١٤-١٧

لە بنەرەتدا زەردەشتین کە بروایان بە خواوەندی چاکە و خراپە ،هەندێکی تر دەڵێن ئەمانە موسڵمان بوون بەڵام هەندێ بیر و باوەری زەردەشتی تێکەڵ بەم ئایینە بوو[١]، هەروەها دەووترێت کە ئێزیدیەکان باوەریان بە رۆژ هەیە و دەیپەرستن خەلکی واهەن رۆژ دەپەرستن باوەریان بە زەردەشتی فارسی هەیە و بە ناوی((شمسیە)) ناسراون و ئەو (شمسیە) رۆژپەرستانە لەوە دەچێ ئێزیدی بن ، چونکە رۆژ لای ئێزیدیەکان پیرۆزە بۆیە دەبینین بەر لە هاتنە دەرەوەی رۆژ ئێزیدیەکان نوێژ دەکەن تاوەکوو رێزی بگرن ، بەلام دەبێ ئەوەش بووەترێت کە گەلانی تریش هەبوونە کە رۆژیان لا پیرۆز بووە و پەرستوویانە و ئەم بۆچوونە بە یەکێك لە خالە هاوبەشەکانی ئەم ئایینانە دادەنرێت کە ئێزیدیەت شوێنکەوتووی زەردەشتیەتن[٢]، یەکێك لە خالە هاوبەشەکانی تری ئەم ئایینانە بریتیە لە کتێبەکەیان کە هەردوو کتێبی (ئاڤێستا) کە تایبەت بە زەردەشتیەکانە و کتێبی (جیلوە و مسحەفا رەش) کە تایبەتە بە ئێزیدیەکان بە زمانی کوردی نووسراوتنەوە، بەڵام بە دیالێکتی جیاواز نووسرانەتەوە کە هەردووکیان باس لە هەر دوو هێزی چاکەو خراپە دەکەن و ئاماژەیەکی گرنگ دادەنرێت لە پەیوەندی نێوان هەردوولا[٣]،هەروەها لە نێوان ئایینی ئێزیدی و زەردەشتی چەندین سەر و سیمای هاوبەش هەیە وەك باوەرهێنان بە حەوت فریشتەی خێرخواز و حەوت فریشتەی شەڕانگێز کە بەرپرسیارەتی دونیایان لە ئەستۆدایە و بروا هێنان بە چینێکی پشتاوپشتی یەکترن ،ئەو سەرو سیما هاوبەشانە زادەی پەیوەندی درێژ خایەن و پر بەسەر هاتی نێوان دوو ئایینەکەن ،هەروەها چەندین سەرو سیمای تری هاوبەشیان هەیە کە بە پێی گۆرانی سەردەم بەدەر دەکەوێت و دواتر گۆرانی تری بەسەر دا دیت وەکوو گۆرینی وێنەی مەلەك تاووس لە هەلۆیەکی مار بەدەمی هەلگرتووە و گۆرانی بۆ هەلۆیەکی سادە کە ئاماژە بە هەمان مەلەك تاووس دەکرێت[٤]

---

(١) عبداللە غفور ،جوگرافیای کوردستان ،هەولێر ،چ٤،چ.وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٥،ل ل٢٠٨-٢١١.

(٢) سەلام ناوخۆش ،سەرچاوەی پێشوو ،ل ل٨٦-٨٨

(٣) هەمان سەرچاوە ،ل٢٠

(٤) میهرداد ئێزدی،سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٦٩

بەشێك لە ئێزیدیەكان خۆیان دەلێن ئێمە شوێنكەوتووی ئایینی زەردەشتین بەلگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە كە خۆی سەردانی لالش و ناوچەی ئێزیدیەكانی كردووە و دەلێت ئەمانە بروایان بە هێزی چاكەو خراپە هەیە[١]،هەروەها ئایینی ئێزیدی دەتوانرێت وا دابنرێت كە یەكێك بێت لە پاشماوەكانی ئایینە كۆنەكانی فارس لە رووی پیرۆزیەكان و بیروباوەرە ئایینەكان دا بەدەر دەكەوێت ،لە بنەرەتدا ئایینی ئێزیدی دەگەرێتەوە بۆ سەرچاوەیەكی رەسەن كە ئەویش بریتی بێت لە ئایینی زەردەشتی كە ئەمەش خۆی لە پەرستنی (رۆژ) و چوار لایەنی (ئاو و هەوا وئاگر و خاك) كە ئەمەش هەمان رێچكەن كە ئایینی ئێزیدی لای پیرۆزن كە لە ئایینی زەردەشتی وەری گرتوون كە ئایینێكە پێش مەسیحیەت و ئیسلام بوونی هەبووە لەناوچەكەدا[٢]، هەروەها ئێزیدیەكان باوەریان وایە كە خودا خالقی جیهانە ،بەلام پارێزەر و راگری نیە ،چونكە نە توانای ئەوەی هەیە و نە خۆی تێكەل بەم كارە دەكات و خودا دوو هێزی خێر و شەری خولقاندووە و كەون و كاهینەكانی بەوان سپاردووە ،هەلبەتە ئەم تێروانینەی ئێزیدیەكان لە ئایینی مانی وەرگیراوە كە بناغەكەی لەسەر بیرو باوەری (زروانیە) و بە لقێك لە لقەكانی ئایینی زەردەشتی دێتە ئەژمار ،زروانیەكان خودا بە (زروان ئاكارنا) ناو دەبەن كە بە واتای (زەمەنی بیّ كۆتاییە) ئەوان دەلێن زروان دوومندالی هەبووە كە یەكێكیان ئەهورمازدایە و بە عەقلی پیرۆز و سومبولی خێر دێتە ئەژمار و ئەوی تر ئەهریمەن یان عەقلی زشت و خراپ و ناپاكە كە سومبولی شەرە هەر بۆیە خودا ئیش و كارەكانی جیهانی بەوان سپاردووە ئەم بیروباوەرە بۆ ئێزیدیەكان بووەتە هۆی ئەوەی كە شەیتان وەك رەنگدانەوەی خوا پەرستش بكەن نەك دوژمن و نەیاری خودا [٣]

---

(١) هەژار موكریانی ،چێشتی مجێور، چ. ئازادی، چ٣، ٢٠٠٩، ل٣٦٩

(٢) ارشد حمد حمو ،مصدر سابق ، ص٩٧-٩٩

(٣) حشمەتوولا تەبیبی، سەرچاوەی پێشوو ،ل٨٩

وە بنەمایەکی تری هاوبەشی نێوان ئەم دوو ئایینە لەوە بەدەر دەکەوێت کە بریتیە لە جەژنەکانیان هەروەکوو یەکە بە تایبەتی جەژنی (جامائیە یان جام) کە هەموو ساڵێك لە ناوەراستەکانی هاوین ئە نجام دەدرێت و ئەم جەژنە بۆ ماوەی (٧) رۆژ بەردەوام دەبێت کە ئەمەش لە نێو ئێزیدیەکان هەیە بە هەمان شێوەی زەردەشتیەکان ،هەروەها بەرای ئێزیدیەکان خودای گەورە مرواریدێکی دروست کرد کە لە دوای گوزەرانی (٤٠) هەزار ساڵ ئەم مرواریدە شکا و مەلەك تاووس لەم مرواریدە دروست بوو و جیهانی ماددی دروست کرا و ئەمەش هەمان رێچکەی زەردەشتیەکانە بەلاّم لای زەردەشتیەکان بە عزرائیل ناو دەبردرێت[١]، هەروەها خاڵێکی هاوبەشی تری ئایینی ئێزیدی و زەردەشتی بریتیە لە گواستنەوەی روح (تناسخ الارواح) یان (دۆنادۆن) و ئەم گواستنەوەیە بەستراوەتەوە بە کردارەکانی ئادەمیزاد لە دونیادا و ئێزیدیەکان دەلێن گیان چاك و خراپەی هەیە ،گیانە چاکەکان دوای ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان ئە نجام دا لە دوای مردنیان روحیان دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی چاك و باش و پاشان بەرز دەبێتەوە بۆ بەهەشتی بالا و لە جێگای تەرخانکراوی خۆیدا ئۆقرە دەگرێ ،بەلاّم گیانە خراپ و بەدکارەکانیش روحەکانیان دەچێتە ناو لەشی خراپەکار و زمان پیس و هەردەم لە ژێر ئازار دەبن تاکوو پاداشتی خۆیان وەردەگرن و ئینجا دەنێردرێنەوە بۆ سەر دونیا تاوەکوو گوناهەکانی خۆیان پاك بکەنەوە ئینجا هەلبکێشرێنەوە بۆ سەر ئاسمان و لای ئێزیدیەکان بە هەمان شێوەی زەردەشتیەکان دۆزەخیش هەیە[٢].

چوارەم: کاکەیی

کاکەیی ئایینێکی کۆنی کوردن وبە یەکێك لە ئایینە کۆنەکانی فارس و هیندۆئەوروپیەکان دادەنرێت کە بوونیان هەیە لە ناوچەکانی ئێران و دەوروبەری و ئەم ئایینە بە یەکێك لە شوێنکەوتووەکانی ئایینی زەردەشتی دادەنرێت و ئەم ئایینە وەکوو ئاینەکانی تری ئێزیدی و زەردەشتی خاوەن تایبە تمەندی و بیروباوەری جیاوازە و لە هەندێك خالّدا هاوبەشن بیروباوەری کاکەیی خۆی لەوە گرتووە کە گیانی خودا چووەتە ناو گیانی (ئیمام عەلی) رێزێکی زۆری ئیمام عەلی دەگرن

---

(١)محمد التونجی، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٤

(٢) سەربەست حسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٣-٣٤

ئەم كاكەییانە بروایان بە حەوت فریشتەكە هەیە و هەروەها (تناسخ الارواح) گواستنەوەی گیان بۆ گیانێكی تر و ئەمانی قورئان بە پیرۆز دەزانن و بروایان بە پێغەمبەر محمد(د.خ) هەیە ،لەم ئایینە دەبێت پەیرەوانی سمێلی خۆیان نەتراشن و ئەمانە جیاوازیان لەگەل ئێزیدیەكان ئەوەیە كە ژن و ژنخوازی لە نێوان یەكتردا ئە نجام دەدەن و لەگەل تایفەكانی تریشدا ،بەلاّم ئێزیدیەكان ئەمەیان لە نێواندا نیە ،هەروەها كاكەییەكان كاروباری ئایینی و دونیاییان بە كەسانی گەورەی ئایینی وەكوو(باوە و مام و دەروێشەوە) بەرێوە دەبردرێت و هەریەكە لەمانە پلەو پایەی تایبەتی خۆیان هەیە لە نێو كۆمەلگای كاكەیی ،ناوەكەشیان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە بە كاكە بانگی یەكتر دەكەن بە واتای برای گەورە یاخود بەرێز[1]

لێرەدا دەمانەوێت هەندێك پەیوەندی نێوان ئایینی ئێزیدی لەگەل كاكەیی بخەینەروو كە ئەوە دەسەلمێنێت پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە ئەگەر بێت سەیری هەندێك تێكستی ئێزیدی و كاكەیی بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە ئەوانە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە هەروەكوو دوو تێكستی شیعری كاكەیی كە باس لە دروست بوون و خولقانی كەون دەكات و رێك ئەم تێكستانە لە ئایینی ئێزیدی هەیە و باس لە مەسەلەی مروارید دەكرێت كە ئەهریمەن لەم مرواریدە دروست بووە،هەروەها لە ئایینی كاكەیی جەژنی(جەم و جە مخانە) هەیە و لە ئێزیدیەكانیش بوونی هەیە و هەروەها لای كاكەییەكان مەسەلەی هێشتنەوەی سمێل سوننەت و پیرۆزە و لای ئێزیدیەكانیش سوننەت و پیرۆزە و هەروەها لە جۆری كەسایەتیە كۆمەلاّیەتی و ئایینیەكان پیرلای كاكەیی هەیە و لای ئێزیدیەكانیش بەدی دەكرێت ئەگەر بێت دیسان سەیری لایەنی ئایینی كاكەیی بكەین ئەوانە گرنگی بە مەسەلەی (دۆنادۆن) دەدەن هەروەكوو ئێزیدیەكان واتە گواستنەوەی روح لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر و هەروەها لێكچواندنێك لە نێوان ئایینی ئێزیدی و كاكەیی هەیە ئەویش رۆلی (شێخ ئادی) ئێزیدیەكان و (سولتان ساهاك)[2]، كاكەییەكان كە چۆن رۆلیان هەبووە لە گرنگیدان و بەرێوەبردنی ئەم ئایینانە ،هەروەها لە چەند لایەنی تریش هاوبەشن بە تایبەتی

---

(١) عبدالله غفور، جوگرافیای كوردستان، ل٢٠١

(٢) سمكۆ محمد، ئایین و كەمینەكان لە كوردستان، ل٤٧

لایەنی جوگرافی ئەمانە دەکەونە ئەو ناوچانەی کەزۆرینەی کوردن لە رووی نەتەوەوە و هەروەها ئەمانە لە کوردستاندا بوونیان هەیە[1]. نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە هەندێ جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم دوو ئایینە ئەوەش ئەوەیە کە ئایینی کاکەیی تەنها کورد ناگرێتەوە بەڵکو نەتەوەی تریش ئەم ئایینە پەیرەو دەکەن هەروەکوو رەشاد میران دەڵێت :(پەیرەوکەرانی ئایینی کاکەیی تەنیا کورد نین بەڵکو لە ناویاندا فارس و تورك و ئازەری هەیە).بەلام ئەگەر ئێزیدیەکان بکەین تەنها کورد شوێنکەوتووی ئەم ئایینەن[2].

پێنجەم: ئیسلام

ئایینی ئیسڵام یەکێکە لە ئایینە ئاسمانیەکان و بە کۆتایی ئایینەکان دادەنرێت کە ئاسمانی بن کە پێشەوای ئەم ئایینە پێغەمبەر محمد(د.خ) بووە و ئەم ئایینە لە سەددەی شەشەمی زایینی بەدەرکەوت و دوای چەند سالێك زۆر ناوچەی دەوروبەری خۆی گرت بە تایبەتی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئێران و ئانادۆل و دوای چەند سەدەیەك گەیشتە ئەندەلوسی ئیسپانیا و رووبار لای هندستان و چین ،بە دەرکەوتنی ئەم ئایینە دەبوایە ئایینەکانی تر هەلوەشێنەوە و کاریان پێ نەکرێت جا لێرەدا زۆر جار بە هێرش کردنی سەربازی بووە یان بە ئاشتی و دەبوایە ئەو ناوچانە فەتح بکرێت کە ئایینی ئیسڵامی نەگەیشتووە[3]. گەر سەیری ناوچەکانی کوردستان بکەین دەبینین یان بەزۆر فەتح کراوە یان بە ئاشتی و لە ناوچەکانی لە چەند حالەتێکەوە پەیوەندیان پێکەوە هەیە ئەوانیش مەسەلەی حەج کە ئێزیدیەکان سالانە ئەنجامی دەدەن و دەچنە لالش بۆ سەر گۆری شێخ ئادی و لە دەوری گۆرەکەی دەسورێنەوە و ئەمەشیان لە ئیسلامەتی وەرگرتووە کە بریتی بووە لە حەج کردن بۆ مەککە و لای کەعبە دەسورێنەوە

---

(١) نصر حاجی خدر،اوجه التشابه بين الديانتين الكورديتين(اليزيدية و الكاكائية)، مجلة لالش،دهوك،عدد٣٣،٢٠١١،ص١٧٦

(٢) سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل١١٦-١١٧

(٣) عبدالله غفور ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل١٩٦-١٩٧

هەروەها مەسەلەی رۆژوو گرتن کە ئێزیدیەکــان سالانە لە چەند مانگێــك بەرۆژوو دەبــن هەرواش لە ئیسلامدا لە مانگی رەمەزان بەرۆژوو دەبن، لای گەلی ئێزیدی رێزێکی تایبەتیان هەیە لە ئیسلام و پێغەمبەرەکەیان و قورئان و پیرۆزیەکانیان [١].

---

(١) محمد التونجی ، یزیدیان یان شیتان پرستان ،ص٦٤

بەشی دووەم :- بنەماکانی بیرو باوری ئێزیدی

تەوەری یەکەم : کتێبە پیرۆزەکان (جلوە و مەسحەفا رەش)

تەوەری دووەم : تاوس مەلیك لەئاییینی ئێزیدی

تەوەری سێیەم :

أ – باسی یەکەم : نوێژ و رۆژ و چەژن و حەج

ب- باسی دووەم : قەدەغەکراوەکان لە ئاینی ئێزیدی

تەوەری یەکەم : کتێبە پیرۆزەکان (جلوە و مەسحەفا رەش)

هەر ئایینێك کە درووست دەبێت لە هەر شوێنێك کەئاسمانی بێت یان ئاسمانی نەبێت، خاوەن داب ونەریت و کتێب و پەرستگای تایبەتی خۆی هەیە جا لێرەدا دەمانەوێت باسی کتێبەکانی ئلیینی ئێزیدی بکەین کە وەکوو هەموو ئایینێکی تر خاوەن کتێب وئاداب و نەریتی خۆی هەیە کە دوو کتێبیان هەیە ئەوانیش (جلوە و مەسحەفارەش) ن کە ئێزیدیەکان پشتیان پێ بەستووە وەهەروەها باس لە دەقەکان و تێکستەکان و مێژوویان دەکەین .

سەبارەت بە چۆنیەتی دۆزینەوەی جلوە و مەسحەفاڕەش کە لە کۆتای سالانی ١٨٨٠ز دۆزراونەتەوە .[١] دەربارەی چۆنیەتی نووسینی جلوە و مەسحەفاڕەش عەزەدین باقسریٚ ی سەرنووسەری لالش بەرپرسی یەکەمی بنکەی لالش دەنووسیٚ لەبارەی نووسەرانی جلوە و مەسحەفا ڕەش ڕای جیاواز هەن ، هەندیٚ دەڵێن شێخ حەسەن هەردووکی نووسیوە هەندێکی تر دەڵێن شێخ ئاد کوڕی مسافیر هەردووکی نووسیوە ، هەندێکی تر دەڵێن شێخ حەسەن جلوەی نووسیوە وەشێخ ئادی مەسحەفی ڕەشی نووسیوە کە ئەم ڕا جیاوازانەش لەئاکامی بەردەست نەبوونی دەقی ڕەسەنی جلوە و مەسحەفی ڕەش سەریان هەڵداوە لە کتێبی تاوس مەلیك بەبیٚ ناوهێنانی نووسەرانی جلوە و مەسحەفاڕەش مێژووی نووسینیان بەم شێوەیە دادەنێن جلوە ساڵی ١١٦١ز مەسحەفاڕەش ساڵی ١٣٤٢ز لەم ڕوانگەیەوە بەهیچ جۆریٚ نابێت شێخ ئادی و شێخ حەسەن مەسحەفاڕەشیان نووسیبیٚ چونکە لەم مێژووەدا کەسیان لە ژیاندا نەمابوون ، هەروەها بەگوێرەی هەندیٚ ژێدەر شێخ ئادی لەساڵی ١١٦٠ مردووە کەواتە نابیٚ جلوەشی نووسیبیٚ [٢] . وەهەروەها مێژووی هەردوو کتێبی جلوە و مەسحەفاڕەش بلاوبوونەوەیان لە وولاتانی رۆژئاوا بە گوێرەی ئەو زانیارانەی کەلە بەردەست دان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات ، کاتێك لە سەروو بەندی سەدەی ناوبراودا شەش حەوت دەست نووسی کتێبی ناوبراو گەیشتە وولاتانی ڕۆژئاوا تویژەران ئەمەیان بەلاوە وەك مەتەڵێك وابوو گەلێك بەتەنگ ئەوەوە بوون کەبزانن چۆن ئەم کتێبانە گەیشتوونەتە وولاتانی

---

(١) ئازاد عبدولواحید ،گ.ڕامان ،ژ.١٦٥ ،خوولی سیٚ یەم ، شووباتی ٢٠١١ ،ل ١٣٦

(٢) سەلام ناوخۆش بەکر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٢_٩٣

ڕۆژئاوا ئەوەبوو بۆیان دەرکەوت ئەم کارە لەبن سەری کۆنەفەشەیەکی مەسیحی دایە بەناوی (ئەرمینا شەمیر) کە پیشەی کڕین و فرۆشتنی کتێب بوو بژێوی ژیانی لەم سەرچاوەیە بەدەست دەکەوت .[١]

دەربارەی ناوی مەسحەفارەش و جلوە لەڕووی واتاوە ووشەی (مەسحەف) بەمانای نووسراو دێت ،وە(ڕەش) بەمانای ئەو ڕەشەبایە دێت کەلە ئایینی ئێزیدی بەکارهاتووە و پیرۆزە ، جلوەش بەمانای پەیدا بوون دێت ،یان بەمانای پەیدا بوونی تاوس مەلائیکە دێت، پیر خدر کەشارەزایەکی ئایینی ئێزیدە دەڵێت: ((ئێمە بیستمان دووکتێبی ئایینی ئێزیدیاتی هەیە بەناوی جلوە و مەسحەفا ڕەش ئەو دوو کتێبە بە ئەلف و بایەکی تایبەت و بە کوردیکی سۆرانی و عەرەبیەکی تێکشکاو نووسراوەتەوە ، ئەوەش نووسخەی ئەسڵی نیە ، ئەوانەی دەڵێن کە لە لەندەن هەیە یان ئەوەی دەڵێ لای من هەیە نووسخەی ئەسڵی هیچیان ڕاست نین ،ئەگەر ئەو نووسخەیەش بێت ئەوە تێکشکێنراوە لە ئەنجامی ئەو هەموو کارەسات و سەرکووت کردنەی ئێزیدیەکان کە لەلایەن مەسیحی و زەردەشتی زوڵمیان لیکراوە)).[٢] لە بارەی دەست نووسەکانی هەردوو کتێبەکە ئەنستانس ماری کەرملی بۆمان دەگێڕێتەوە کەتوانیویەتی دوای هەوڵ کۆششێکی زۆر ، بەهۆی یارمەتی ڕۆشنبیرێکی ئێزیدی شارەزا لەبڕواو نوێژوو ئاینەکە هەروەها بەهۆی هاتن پێشەوەی چەند بۆنەیکی دڵتەزێن و دەرفەتی لە بارەوە دوو دەست نووسی دوو کتێبەکەی دەست کەوێ کەلە سندووقێکدا هەڵگیرا بوون لە ژێر تاشە بەردێکی گەورە لە شەنگار (سنجار) شاردرابۆوە و پاسەوانی لێدەکرا ، کەتوانی دەستی بکەوێ.[٣]بە بیروڕای ئێزیدیەکان جلوە کتێبێکی ئاسمانیەو لە ئاسمانەوە دابەزیوە بۆ بەندەکان کە سیفەتەکانی خوای تێدا باسکراوە هەر لە دەسەڵات و ڕەوشت و عیلم و غەیب لەگەڵ بەڵێنەکانی بۆ پاداشتی بەندەی چاکە و خراپە[٤]

---

(١) ئازاد عبدولواحید، گۆڤاری ڕامان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٧

(٢) سمکۆ محمد سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٣١_٣٢

(٣) سەربەست حسێن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٢٠_٢١

(٤) میهرداد ئیزەدی،سەرچاوەی پێشوو ،ل ٢٠

. هەروەها باسی گواستنەوەی گیانیشی کردووە (تناسغ الارواح) بەو جۆرەی کە هەرگیانێك دەژیتەوە بۆ چەندین جار دە چێتە جەستەی ترەوە لەم رووەوە بەرجەستەبوونی خودایی بەرجەستەبوونە گەورەو بچوکەکەی ئەو دۆنادۆنە پێك دێنی .[١] وەلەم کتێبەدا پەیامی خوا (وەحی) لەلایەن مەلەك تاوس ئامۆژگاری ئێزیدیەکان دەکات و هێزی گەورەی خۆی نەمری و وەعدو بەڵێنەکانی بۆ ئەوان دەردەبڕێت وە ئاماژە بەوە دەکات نابێت بۆ یادکردنەوەی وەسفی خوای گەورە ناوی شەیتان ببردرێت چونکە ئێزیدیەکان لە گفتوگۆی نێوانیان دا مەلیکە تاوس لەشوێنی شەیتانیان هەڵبژاردوە جلوە پێش هەموو بوونەورەکانی ترخولقێنراوە چونکە مەلیك تاوس ویستوویەتی بەهۆی ئەم کتێبە شوێن کەوتووەکانی خۆی لە خەڵك جیابکاتەوە ، سەبارەت بەتەوەرەکانی ئەم کتێبە دەوترێت زانستەکان لە کتێبەکەدا نەنووسراوەتەوە بەڵکو لە سرووشتی کتێبەکە نووسراوەتەوە .[٢] ئێزیدیەکان کەکۆمەڵگایەکی داخراون نایانەوێت خەڵکی غەیرە ئێزیدی هەتا کوردیش بێت لە نهێنیە ئایینیەکەیان بگەن ، لەناو ئەو کۆمەڵگایە مرۆییە غەیرە ئێزیدی دەبێت زۆر وریا بیت لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی بە پیتی(ش) دەست پێدەکەن شەیتان،شەخاتە،شین، هەروەها هەرشتێ پەیوەست بێت بە باوەڕیان بە(خوا)و(پێغەمبەر) ئەمەش لە دەقی (جلوە)دا هاتووە کە مرۆڤی ئێزیدی نابێت دینی خۆی لای کەس باس بکات[٣] کتێبەکەی تریان کە (مەسحەفارەشە) تێیدا باسی چۆنیەتی درووست کردنی ئاسمان و زەوی و ئادەم و حەوا کراوە ،باسی هاتنە خوارەوەی مەلەك تاوس دەکات دەڵێ ((لە پێناو تایفەی ئێمەدا دابەزی)) وە هەر لەوێدا دەڵێ ((پێش هاتنی مەسیح بۆ سەر ئەم دنیایە ئاینەکەی ئێمە ئاگر پەرستی بوو)) کە ئەمەخۆی بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەسڵی ئایینی ئێزیدی ودەیسەلمێنێ کەبەر لە هاتنی مەسیحەوە ئەم ئایینە هەبووەپاشان مەسحەفارەش دێتە سەرباسی یەزدان و دەڵێ ((هەر هەزار ساڵێك یەزدان دێتە خوارێ بۆ لای ئێمە ، چونکە هەرچی شوێنە پیرۆزەکانە لای خۆمانن ، هەموو جارێکیش یەزدان بەزمانی کوردی لەگەڵماندا دەدوێ)) . هەروەها لەجێگەیەکی تردا دەڵێ : پاش هاتنی مەهدی،مەسیح خۆی دادەبەزێ

---

(١) ماکسیمیلیان بیتنەر ،سەرچاوەی پێشوو ،ل ٩

(٢) حشمەتوولا تەبیبی، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل ٨٧-٨٨

(٣) سەلام ناوخۆش بەکر ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢

بۆ سەر زەوی و حوکمی ئەو گەلانە دەکات کە بە زمانی کوردی دەدوێن ئەوانەش تایفەی ئێزیدین هەروەها دەڵێ: ((لەرۆژی قیامەتدا حەق و حیساب هەر بەزمانی کوردیە و خوا خۆیشی بە کوردی دەدوێ، چونکە زمانی کوردی زمانی گشت ئاینێکە و پێغەمبەرانیش هەمووی لە ئێمەن))[1] .

ڕێساکانی مەسحەفارەش ٣٢ خاڵە کەلێرەدا بە کورتی چەند نموونەیەك لەڕێساکانی وەردەگرین:

١_ڕۆژی یەکەم خودا مرواریەك لە زاتی خۆی دروست دەکات، دواتر باڵندەیەکی دروست کردووە کە ناوی ئەنفەرە و مرواریە گەورەکەی خستۆتە سەر پشتی باڵندەکە و ماوەی چل هەزار ساڵ لەسەری نیشتەوە .

٢_خودا لەیەکەم ڕۆژی یەك شەمەدا فریشتەیەکی دروست کرد بەناوی ئیزرائیل، ئەو فریشتەیە ناوێکی تری هەیە بەناوی مەلەك تاوس کە سەرۆکی هەموو فریشتەکانە .

٣_دووەم ڕۆژ خودا فریشتە دەردائیلی دروست کرد کە شێخ حەسەنە .

٤_سێ شەممە ئیسرافیلی دروست کرد کە شێخ شەمسەدینە .

٥_چوارشەممە لەنەبوونە فریشتە میکائیلی دروست کرد کە شێخ ئەبوبەکرە .

٦_ پێنج شەممە لەنەبوونەوە جوبرائیلی دروست کرد کە ئەویش شێخ سەجادەدینە .

٧_هەینی شامایلی دروست کرد کە لە لای ئێمە بەناوی نەسرەدین ناسراوە .

٨_شەممە تەنها نورائیلی دروست کرد کە جگە لە فەخرەدین کەسێکی تر نیە .

٩_مەلەك تاوس کرا بەسەرۆکی هەموو فریشتەکان .

١٠_خوا حەوت ئاسمان زەوی ، خۆرو مانگی دروست کرد.[2] .

---

(١) سەربەست حسێن ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٢١

(٢) سمکۆ محمد ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل٣٥_٣٦

١١_ حەیوان و روح لە بەرو تەیرو وەحشی خەلق کردو لە گیرفانی جل و بەرگی خۆیەوە دایناوە ، بەم شێوەیە بە هاوەڵی پۆلێك فریشتە لە ناو مرواریە گەورەکە دەرچوو ، دواتر دژی مرواریە گەورەکە هاوارێکی لیٚ هەڵساو دەم و دەست مرواریکە بوو بە چوار بەش لەسینەیەوە ئاو دەرچوو زەریای لیٚ دروست بوو، لەو دەمەدا هێشتا زەوی خروبیٚ درز بوو !

١٢_خودا جوبرائیلی لەسەر شێوەی باڵدار خەڵق کردو ناردی ، و چوارگۆشەی دایە دەستی.لە پاشدا کەشتیەکی خەلق کردو لە ئەودا سیٚ هەزار سال دانیشت.لە پاشتر هات و ساکنی لالش بوو.قیژاندی لە دنیادا بەرد بەستی.دنیا بووبە ئەرزو دەستی کرد بە لەرزین.فەرمووی جوبرائیل بوو ئارام.دوو پارچە لەو گەوهەرە هێناو یەکێکی لە ژێر ئەرزو یەکێکی لە دەرگای ئاسمان دانا.لە پاشتر لەوان دا مانگ و رۆژو ئەستێرەی لەریزە گەوهەرە سپیەکە دروست کرد.بۆ جوانی لە ئاسماندا هەڵیواسی .

١٣_درەختی بەردارو گیاو شاخی بۆ جوانی ئەرز خەلق کرد عەرشی لەسەر فەرش خەلق کرد .

١٤_خودای گەورە بە مەلائکی گوت: من ئادەم و حەوا خەلق دەکەم و دەیانکەم بەبەشەر. لە ئەویش میللەتی لەسەر ئەرز پەیدا دەبیٚ.لە پاشتر میللەتی ئزرائیل واتە تاوس مەلەك کەئێزیدیە پەیدادەبیٚ .

١٥_لە پاشدا شێخ ئادی لەئەرزی شامەوە نارد بۆ لالش [١].

---

(١) ماکسیمیلیان بێتنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٣٦_٣٧

تەوەری دووەم : تاوس مەلیك لەئایینی ئێزیدی

لەژێرکاریگەری ئەو لێکۆڵینەوانەی کەدەربارەی ئایینی ئێزیدی نووسراون کەئەمانە دێوپەرستن، یاخود تاوسی فریشتە بەمانا شەیتان دەپەرستن، ئەو نووسەرانەش بڕوایان وایەکەئێزیدیەکان داسنین و ئایینەکەیان بۆپێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشتی دەگەرێتەوە وای بۆ دەچن کە ئەم ناوە لەلایەن زەردەشتی پێغەمبەرەوە خراوەتە پال ئەوان، ئێزیدیەکان دەلێن چونکە زەردەشت بەسروشت پەرستەکانی وتووە (دەئیڤیە سنا) واتە دێوپەرست، هەروەها واتای هەندێ ناوی تریان گۆریوە وەك ووشەی (دێو) کە ئەوکات بەواتای خودا بەکاردەهات وە ئەو بە واتای ئیبلیسی بەکارهێناوە [(١)] . هەروەها سەبارەت بەدەرکەوتنی ناوی مەلیکە تاوس توێژەران هەوڵیان داوە جۆرە پەیوەندیەك لەواتای ووشەی تاوس بدۆزنەوە بۆ ئەمەش وشەی تاوس لە هەندێ زمانی یۆنانی بۆیان گەڕاون و وتوویانە لە ((تاوسی یۆنانیەوە هاتووە کەبەواتای خودا لەو زەمانە بەکار هاتووە)) ، بەم شێوەیە ویستوویانە بیسەلمێنن کەناوی داسن لە تاوسی یۆنانیەوە هاتووە، پاشان گۆڕانی بەسەر داهاتووە بووەتە ووشەی داسنی ئێستا، وەهەندێ توێژەری تر وای بۆچوونە کەجۆرە پەیوەندیەك لەنێوان تاوس و خواوەندی رۆژ هەیە کەلەلای بابلیەکان بەپیرۆز راگیراوە [(٢)] خوای ئاسمان لەئایینی سروشت پەرستاندا لە گشت خواکان گەورەتر بوو پێیان دەگوت دیاوس) . ئەم ووشەیە بەرە بەرە گۆڕانی بەسەرداهات تاوەکو بوو بە (تاوس) کە پاشان ئێزیدیەکان لەبەر رێزلێنان پێیان گووت (تاوسی مەلیك) کە بوو بەخوایەکی گەورەیان [(٣)] . هەندێ توێژەری تر بەم شێوەیە باس لە مەلیکە تاوس دەکەن، دەڵێن مەلیکە تاوس بە پێی میتۆلۆژیای ئێزیدیەوە کە خەلقەندەیەکە لە نوروو نهێنی خوای پەروەرگار هەروەها روویەکی تری خواوەندیە بەلکو ناوێکە لە ناوەکانی خوا.

---

(١) شاکر فەتاح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩

(٢) نەجم ئەلوەنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٧٤_٧٥

(٣) لاوك، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٦

زۆر بیرۆکە لە بارەیانەوە نوسراوە گەلێکی تاوانبارانە درایە پاڵ ئاینە کەیان و مەلەك تاوسیان و بنەماکانیان بەلاّم پەرەسەندنی مێژووی و کۆمەلاّیەتی و رۆشەنبیری وەها دەردەخەن کە زۆربەی ئەو تۆمەتانە هیچ بنەمایەکی راستیان نیە ، لە راستی دا مەلەك تاوس لە لای ئێزیدیەکان ناگاتە ئاستی خودای مەزن ، بەڵکو فرستەیەکی گەورەو بزورگوو زۆر نزیکە تە خودای پەروەردگار بە پێی بیرو بۆچوونی ئێزیدی مەلەك تاوس سەرۆکی فرشتەکانە .ئێزیدیەکان بروایان بە خوایی تاك و تەنیا هەیە و مەلك تاوسیش بەسەرکردەی فریشتەکان لە قەلەم دەدەن، بەلاّم بە پێی بەسەر چوونی رۆژگار ئێزیدیەکان ئەوەندە شکۆمەندی و پیرۆزیان بە مەلەك تاوس داوە، بەرادەیەك وەك خوایی لێهاتووە و دەیپەرستن[١]. ئەم پەرستنە مایەی ترس و سۆز و پارانەوەیە بە پێچەوانەی پەرستنی یەزدان کە سەبارەت بە مل کەچی و سوپاس و ستایشیان، ئێزیدیەکان لەمەلك تاوس گەیشتونەتە رادەیەك وازیان لە پەرستنی خوا هێناوە بەو بەڵگەیەی کە خوا بەرحم و بە خشندەیەکی بێ هاوتایە، بەندەی خۆی هێندە خۆشدەوێت لە چاکە بەو لاوە هیچی تر بەرامبەر ناکات. بەلاّم مەلك تاوس روو لە خرا پەیە، چونکە سەرچاوەی بەدکاریە بۆیە هەرچی بیەوێت بە بەختەوەری بژیت دەبێت مەلك تاوس بپەرستێت و لە خۆی نەرەنجێنێ بەشەیتانیش ناوی نەبات چونکە کفرێکی گەورەیە لەلایی ئێزیدیەکان .[٢]

ئێزیدیەکان دان بە پەیامی گشت پێغەمبەران دا دەنێن ، بەلاّم جیاوازیان لە گەڵیاندا تەنها ئەوەیە کە لەلای ئێزیدی عەزازیل ئیبلیس و تاوس مەلیك ، بەمانای سەرۆکی حەوت فریشتەکەیە لە باوەڕی ئێزیدیدا دەڵێن کاتێك خوای گەورە هەریەك لەفریشتەکانی دروست کرد ئاگاداری کردوون کە جگە لە خوای گەورە کرنووش بۆ کەسی تر نەبەن وە کاتێك خوای گەورە ئادەمی دروست کرد داوای لە فریشتەکان کرد کڕنووشی بۆ بەرن وە فریشتەکان کڕنووشیان بۆبرد جگە لە (ئیبلیس) کڕنووشی بۆ ئادەم نەبرد . بەمەش فەرمانی خوای تاك و تەنیای بەجێهێناوە

---

(١) سەلام ناوخۆش ، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، رۆژنامەی هەولێر دەری دەکات ، ژ٤٠ ،هەفتەی ٢٩_تەمموزی ٢٠١٠، ل ل ٢٥_٢٦

(٢) لاوك ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٦

ئامۆژگاریەکەی خوای گەورەی لەبیر نەکردووە و تاك وتەنیایی گەورەی خوای چەسپاندووە، نەوەك بیٚ فەرمانی کردبیٚت [۱]

بەهەمان شیٚوە لەبڕوای ئەهلی حەق و عەلی ئیلاهیدا ڕەنگی داوەتەوە چونکە ئەندامانی ئەو دوو تایفەیە بڕوایان وایە کە ((کڕنووش نەبردنی ئیبلیس بۆ ئادەم کاریٚکی ڕاست بووە چوونکە پیٚچەوانەی ئەم کردەوەیە لەگەڵ بڕوای‌یەکتا پەرستی و مەزنیەتی خوادا نەدەگونجا)) . وە خدر سلیٚمانیش کەنووسەریٚکی ئیٚزیدیە بیٚ ئەوەی بزانیٚت کە ئەم بڕوایە بەشیٚکی ڕەسەن نیە لە بڕوای تایفەکەی بەڵکوو لەوانەیە بەشیٚوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگ دانوەی کاریگەری بیروبڕوای ئیسلامی بیٚ ، بڕوای وایە کە کڕنووش نەبردنی تاوسی فریشتە بۆ ئادەم گوزارشت لە چەمکی یەکتا پەرستی لە فەلسەفەی ئەمان دا دەکات ، وەئەگەر لەرووی فەلسەفیەوە لە ڕۆلی تاوسی مەلەك لە دەرهیٚنانی ئادەم لە بەهەشت بکۆلینەوە بۆمان دەردەکەویٚت کە ئەم کردەوەیە دژ بە ویستی یەزدان نەبووە ، چونکە پیٚش ئەوەی ئادەم بخولقیٚ خودا زەوی درووست کردووە کەواتە بە گویٚرەی بڕوای ئیٚزیدیەکان بەهەشت تەنیا قۆناغیٚکە بۆ ژیانی ئادەم بۆ ئەوەی ماوەیەك لەویٚ بژی و پاشان بۆ هاتنە بوونی تایفەی ئیٚزیدی دەبیٚ لەویٚ دەربچیٚ و لە زەویدا نیشتە جیٚ بیٚت چونکە زەوی شویٚنی کارو پەرستن و تاقیکردنەوەی ئادەمیزادە بۆ ئەوەی لەریٚ ی کاری چاك و بڕوای باشەوەیان بەپیادەکردنی پیٚچەوانەی ئەوانەوە لە دوای مردن بە بەهەشت یان دۆزەخ پاداشت بکریٚ وەسەبارەت بەباڵندەی تاوس ئیٚزیدیەکان بە هیٚمای خواوەندی رۆژیان داناوە جوانی ئەو باڵندەیەو رەنگی پەڕەکانی بۆتە هۆی ئەوەی لەلای ئیٚزیدیەکاندا بکریٚتە هیٚمای ئەو خواوەندە ڕەنگی ئەو باڵندەیە زۆر لە ڕەنگە جۆراو جۆرەکانی خەرمانەی تیشکی رۆژ دەچیٚت بەتایبەتی کاتیٚ کلکی وەك رۆژ بلاو دەکاتەوە [۲] . ئیٚزیدیەکان باوەڕیان بە تاقانەی خودا هەیە و وشەی ئیٚزیدی بەناوی خودای گەورە دەست پیٚدەکات ، باوەڕیان بە تاکە خودا هەیە کەناوی (یەزدانە) ئیٚزیدیەکان بڕوایان وایە کە فریشتە تاوس ، شەش یارمەتی دەری هەیە پیٚیان دەڵیٚن (بەهازدان) و جیهان لایان کراوە بەدوو

---

(۱) منیرە ئەبوبەکر محمد ، سەرچاوەی پیٚشوو ، ل ل ٥٣_٥٤

(۲) نەجم ئەلوەنی ، سەرچاوەی پیٚشوو ، ل ل٧٥_٧٩

بەرەوە بەرەی روناکی و بەرەی تاریکی و لە دوا جارداهێزی روناکی بەسەر هێزی تاریکی دا سەردەکەوێ و بڕوایان بەمانەوە و جاویدی ڕەوان هەیە [1] .

ئێزیدیەکان دەڵێن گوایە خودای گەورە یەکەم بوونەوەری کە دروست کردووە مەلیك تاوس بووە و بوونی مەلیك تاوس بەستراوە بەخودا و لە دوای مەلیك تاوس شەش فریشتە خولقاندووە ، بەلام مەلیك تاوس بە یەکەمین فریشتە دادەنرێت ، دەڵێن مەلیك تاوس شەیتان نیە و بەڵکو ئە نجامی هەموو خراپەکانە کەلە دوای چاکەکان دەژمێردرێت و بە مانای ئەوەی کە سەر یەکیکە لە پێداویستیەکان خودای گەورە خولقاندوویەتی بۆ ئەوانەی کەلادەرن و بەدوای خراپە کاری دەکەون و دەڵێن مەلیك تاوس هەرچەندە کە بۆ ماوەی ٧٠٠٠ هەزار ساڵ لەنێو دۆزەخ مایەوە بەلام دواجار خودای گەورە لێ ی خۆش بوو هەرچەندە کەهۆکاری لادانی خەلك بووە لەرێگای راست بەلام هەر دەپەرستن وە دەڵێن خودای گەورە هەموو فریشتەکانی تری لە ئاو و گڵ دروست کردووە تەنها مەلیك تاوس نەبێت کە لە ئاگر دروست کراوە ، ئێزیدیەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە مەلیك تاوس لە رۆژی دوایشدا ئامادە دەبێت و بەرگری لەئێمە دەکات و نابێت لەسەر دونیادا تف و لەعنەت و نەفرەت لە شەیتان یان مەلیك تاوس بکرێت وە هەروەها دەڵێن (شێخ ئادی) تف ونەفرەتی بەیەکجاری قەدەغەکردووە لەسەردەمی خۆیدا [2] .

وە لە کۆتایدا لە کتێبی مەسحەفە رەشدا باسی هاتنە خوارەوە مەلەك تاوس دەکات و دەڵێ

((لە پێناو تایفەی ئێمەدا دابەزی)) [3] .

---

(١) کەریم زەند ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨

(٢) محمد تونجی ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ص٥٩_٦٠

(٣) سەربەست حسێن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١

تەوەری سێیەم :

أ – باسی یەکەم : نوێژ و رۆژو چەژن و حەج

هەر ئایینێك کۆمەڵێك شێوەی پەرستن بەسەر پەیڕەوانی دا جێ بەجێ دەکات، پەیرەوان بەبە جێ بەجێ کردنی ئەم پەرستانە لە ناو ئایینەکانی تر جیادەکرێنەوە ، ئێزیدیەکانیش وەکوو ئایینێك کۆمەلێك شێوەی پەرستن بەسەر پەیرەوانیدا سەپاندووە ئەگەر چی ئەم داب و نەریتانە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەندێ ئایین بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی بەسەریانەوە دیارە .

هەرچی ئەوەی پەیوەندی بە نوێژی ئێزیدیەکان هەیە هەموویان بە کوردین کە دوو نوێژیان هەیە

١_ نوێژی بەیانی کە هەر لەمنالەوە تاکوو پیر دەیکەن و زۆر پیرۆزە لەلایان .

٢_نوێژی ئێوارە پێش خۆرئاوا بوون دەیکەن .شیشمس روژا ایزیدییانە شرف الدین میرەل دیوانە . شیلیبیغا بکتن کردستانی وی توبان بردتن تورکستانی تعتی راکتن کردستانێ قداوی بکڤت مالا عربستانێ)).دوعاکەبە شێوەی کرما نجی ژووروو بەم شێوەیە یە : ((ئەی شەرەفەدین غەرزی گولی ، مزگێنی بێنە بۆ کوردستان ، دەفتەری ئیمان بڵاو بکەنەوە شێخ شەمس رۆژی ئێزیدیانە ، شەرەفەدین میرە لە دیوانە . تا کوردستان بە دوایان کەوێ تۆپەکان بەرداتە تورکستان ، نەخشیش بێنێ بۆ کوردستان ، بەڵاش بەرێتە ماڵی عەرەبستان)).[1] دەربارەی دوعاو نوێژی ئێزیدیەکان (خدرێ سلێمان) دەڵێ : فەرزەل سەر هەر ئێزیدیەك هەر رۆژڤان دوعایا بکەن و پشتی دەست و خۆد شۆن و پشتا خۆ گرێدەن و وبئشق و دل بەرێ خۆ ددەتە رۆژێ ، دەستێد خۆ دنێتە سەر ئێك و ..دەست بەدوعایا خۆ دەکەن ودەبێژن : ئامین ئامین .تەبارەك ئەلدین.ئەڵلاّ ئەحسەن ل خالقین.هەق حمدالله یا رەبل عالەمین .خێرا بدە شەڕا وەرگرین.مەهدەرەکێ دخوازین ...، ئێزیدیەکان لەکۆنەوە تاوەکوو ئەمڕۆ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری تایفەکەیان پشتیان بە زەکات بەستووە[2]

---

(١) سەربەست حسێن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢

(٢) نەجم ئەلوەنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٠٨_١٠٩

سەبارەت بەرۆژوو گرتن لای ئێزیدیەکان ، ئەوان سێ رۆژ بە رۆژوو دەبن کەلە بەیانیەوە تاوەکوو ئێوارە واز لە خواردن و خواردنەوە دەهێنن .[1] کۆبوونەوەی ژن و پیاو (ممارەسەی جنسی) بەدرێژایی بەرۆژ وو بوون قەدەغەیە ، کە ئێزیدیەکان بڕوایان وایە ڕۆژوو گرتن وەرزشێکی دەروونیە و تاقیکردنەوەیە بۆ بەرگە گرتنی توێنێتی و برسێتی یا بەرۆژوو بوون لە ئاست هەر شتێك نەفس داوای بکات .[2] دوای کۆتایی ئەم سێ ڕۆژە ئێزیدیەکان جەژن دەکەن وەهەروەها زۆر جەژنیان هەیە وەئەگەر بیانەوێت مەراسیمی حەج ئەنجام بدەن ئەوە دەچن بۆ لالش کە لەجەژی قوربانیدا رۆژانی ٧ و ٨ ی مانگی (ذالحجة) کە سەردانی گۆری شێخ ئادی کوری مسافر دەکەن ،وە لە رۆژی نۆیەم دا خەڵکەکە بە سەر چیایی (عەرەفات) دەکەوەن و لەوێ لەشێخ دەپاڕێنەوە کەلە گووناهەکانیان خۆشبێ ، کە ئەمەش لای ئێزیدیکان لە خۆڕا نیە چونك لە نەزەری هەندێ ئێزیدی ڕۆحی مەلەك تاوس لە شێخ ڕەنگی داوەتەوە [3]. وەهەرەها جەژنەکانی تری ئێزیدی بریتین لە جەژنی قوربان کە ئەم جەژنەهاوکاتە لەگەڵ یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی موسڵمانان ، وە ماوەکەی یەك ڕۆژە ،کە پێش جەژن بە دوو ڕۆژ بابا شێخ و هەندێ پیاوی ئایینی دەچن بۆ لالش بۆ جێ بەجێکردنی مەڕاسیمی تایبەت بەم جەژنە ، هەروەها جەژنی چلەی زستان کەدەکەوێتە ڕۆژی کۆتایی چلەی زستان واتە ڕۆژی (١٩ی کانوونی دووەمی ڕۆژهەلاتی) یان یەکی شووباتی ڕۆژئاوایی ، وە جەژنی چلەی هاوین کە لە (١١ حوزەیرانی ڕۆژهەلاتی) دەست پێدەکات تا (٢٠ تەمموزی ڕۆژهەلاتی) مەڕاسیمی ئەم جەژنەش لە پەرستگای لالش بەرێوە دەچێت ، هەروەها جەژنی کۆکردنەوە (عید التجمیع) ئەمیشیان لەلالش بەریوە دەچێت کە ماوەکەی (حەوت)ڕۆژە لە (٢٤_٣٠) ئەیلوولی ڕۆژهەلاتی کەلە هەموو لایەکەوە ئێزیدیەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دەچن بۆ لالش بۆ بەڕێوەچوونی ئەم جەژنە .وەهەروەها جەژنی بێڵندی (عید بیلندە) کە ئەم جەژنە ڕۆژی هەینی دووەمی چلەی زستانەوە ، وە جەژنی خدر لیس (عید خدرلیاس) دەکەوێتە ڕۆژی پێنج شەممەی یەکەمی مانگی شووباتی ڕۆژهەلاتییەوە

---

(١) نەجم ئەلوەنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٠

(٢) سمکۆ محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٦

(٣) سەلام ناوخۆش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٨

سێ ڕۆژی پێش جەژن واتە(دووشەممە و سێ شەممە وچوارشەممە) بەڕۆژوو ئەبن کە پێی ئەڵێن(ڕۆژووی خدر لیس).[1]

وەهەروەها جەژنی سەری ساڵی ئێزیدی دەکەوێتە یەکەم چوارشەمەی مانگی چوار کە هاوکاتە لەگەڵ جەژنی سەری ساڵی بابلی وە جەژنی (جامائیە) یان (جام خانە) کە ئەم جەژنە لەناوەڕاستەکانی هاویندا لەگوندی لالش دا لە باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێت دیارە ئەم جەژنە پەیوەندی هەیە لەگەڵ جەژنی زەردەشتیەکان بۆماوەی (حەوت) ڕۆژ بەردەوام دەبێت لەم ماوەیەدا سەردانی پەرستگای شێخ ئادی دەکرێت کە پەیکەرێکی گەورەی تاوس درووست دەکەن کە سومبوڵی مەلیك تاوسە ، هەروەها لەم جەژنەدا چەندین بۆنەو دەستە دروست دەبێت کە ئەم جەژنە بەڕێوە دەبەن دەستەیەك کە سەما دەکەن وە پێکهاتوون لە (بیست) کەس کەلە بەرامبەر قەبری شێخ ئادی مۆمدانیان هەڵگرتووە و بەدەوریدا دەسووڕێنەوە، وەکاسەیەکی پڕ ڕوون لە دەستیان دایە لە شوینێکی دادەنێن کە هەر (چوار) سەعات سێ جار بە دەوریدا دەسوڕێنەوە بۆ پاڕانەوە لە شێخ ئادی وە دەف و شمشاڵ دەژەنرێت و سروود دەوترێت .[2]

---

(١) منیرە ئەبو بەکر محمد ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل٦٥_٦٧

(٢) محمد تونجی ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ص ٦٣_٦٦

ب- باسی دووەم : قەدەغەکراوەکان لە ئاینی ئێزیدی

بەشێوەیەکی گشتی لەنێو هەموو ئاییینێکدا شتی قەدەغەکراو هەیە کە ئەم نەریتەش لە نێو ئێزیدیکاندابەروونی دیارە کە باسی ئەوەیان کردوە ئێزیدیەکان جلی شین لەبەر ناکەن و خاس و پاقلە و ماسی ناخۆن......هتد یاخود بەسەر سورمانەوە دەڵێن ئێزیدیەکان حەز لە تف رووکردن ناکەن ، کە خۆی لەخۆیدا ئەمە دیاردەیەکی ناشارستانیە و مرۆڤی ژیروو رۆشنبیر ئەم کارە ناکات قەدەغەکردنی هەندێ جۆری خواردن وەیان هەندێ هەڵسوکەوت و داب و نەریت چۆن لەناو ئێزیدیەکاندا باوە وەلە ناوئاییینەکانی تریش باوە کە بە دیاردەیەکی ناشرینی دەزانن و حەرامی دەکەن بۆ نموونە ئێزیدیەکان رۆژوو دەگرن کەچی زەردەشت رێگەی نەداوە خەڵکەکەی رۆژوو بگرن یان لە ئاییینی مەسیحیدا مەشروب شتێکی حەرام نیە کەچی لە ئیسلامدا کردەیەکی شەیتانیەو حەرام کراوە ، وە ئێزیدیەکان گۆشتی ماسی و هەندێ ئاژەڵ ناخۆن (١) .

ڕەنگی شین ڕەنگی شوومی ئێزیدیە کەرقیان لە ڕەنگی شین دەبێتەوە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەمە دەگەرێتەوە کە گوایا کاتێك هاتوون زوڵمیان لەئێزیدیەکان کردووە ئالاکەیان ڕەنگی شین بووە جابۆیە کە ئەو ئالایە دەبینن رێك نەمانی خۆیان دەبینن ، بۆیە ئەم ڕەنگە لای ئێزیدی شوومە کە کاتێك خانوێك دروست دەکەن یان منداڵێك لە دایك دەبێت و دەیخەنە نێو لانك مێرووێکی شین بەلانکەکە دەبەستن چونکە نیشانەی خۆبەدەستەوە دانە (٢). هەروەها خواردنی ماسی و خاس و مامز لە ئێزیدیەکان حەرام کراوە . شوشتن لەناو گەرماودا لێیان حەرامکراوە (٣). بەگوێرەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئایین نەك تەنیا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا رێك دەخات بەڵکو ڕۆڵێکی گەورەش دەبینێت لە هەندێك داب و نریتی قەدەغەکردن (٤)

---

(١) نەجم ئەلوەنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٠٣_١٠٤

(٢) سمکۆ محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٨

(٣) مایکل گەنتەر ، فەرهەنگی مێژووی کورد ، و ، مامکاك ، چ ،هەولێر ، چ، یەکەم ٢٠٠٧

(٤) سمکۆ محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٥

دەرئـە نجـــام

١-گەیشتمە ئەو ئەنجامـــەی کە ناوی ئێزیدیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (یـــەزدان) بە واتـای خودای گەورە وە هەروەها ئەم ئایینە مێژوویەکـی کۆنی هەیە کە بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە و ئەو ناوانەی کە بە سەریان لکـاوە هەر هەموویان زیادەن.

٢-لە رووی ئایینیەوە پەیوەندیەکی زۆرتوندو تۆڵیان لە نێوانـــدا هەیە کە خۆی لـــە (دە) چین پێـکـدێت ، سەبارەت بە چەژن و بۆنە پیرۆزەکانیان چەندین رێوڕەسـم و ئاهەنگیـان هەیە کە تـایبەتـن بە مێژووی ئایینەکەیان ،هەروەها چەندین رێورەسمی تریـان هەیە وەکو رۆژوو گرتـن و نوێژ کردن کە هەمووی لـەم ئایینە بەدی دەکـرێـت .

٣-لە بارەی بیرو بـاوەریـان بروایەکی زۆر گەورەیـــان بە پیرۆزی مەلـەك تـاووس هەیە وەکوو فریشتەی ئـاسمانـی و رۆلـی کەسایەتی شێـخ ئـــادی وەکوو بـاوکـی روحـی و پێغەمبـەری ئەوان کە بە درێژایی مێژوو ناوی ئەو لە تۆمـارە ئێزیدیەکان بوونی هەیـە، هەروەها خاوەن دوو کتـێبن کە ئەم کتێبـانە ئاسمانی نینە دواتر لە لایەن چەند کەسێکەوە نووسـراوە کە بە مەیلی خۆیان بیروبـاوەری خۆیان تێدا نووسیـوە .

٤-ئەم ئایینە لەرووی پەرستنەکانیان زۆر پەیوەنـدی لەگەل ئایینەکانی تر هەیە کە لەوانیان وەرگرتووە بە تـایبەتی لە ئایینەکانی دەوروبەری وەکوو زەردەشتـی و کاکەیـی و ئیسـلام و بـابلـی و میترائـی ...تـاد ، کە بە درێژایی مێژوو لەگەل ئەواندا پەیوەندیان هەبووە

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان :

١- سەلام ناوخۆش ، زمانی ئایینی کورد ، هەولێر ،چاپخانەی رۆژهەلات ، چاپی دووەم، ٢٠١٢

٢- میهرداد ئیزەدی ، ئایین و تایفە ئایینیەکان لە کوردستاندا ، و: کامەران فەهمی ،سلێمانی ،لە بلاوکراوەی م.بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)،٢٠٠١

٣- سمکۆ محمد ،ئایین و کەمینەکان لە کوردستاندا،هەولێر،چاپخانەی هێڤی،چاپی یەکەم ،٢٠١١

٤- شاکر فتاح ،یەزیدیکان و ئایینی ئێزیدی ، سلێمانی ،چاپخانەی کامەران ،١٩٦٩

٥- ماکسیمیلیان بێتنەر ،هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکان (جلوە و مسحەفا رەش) ،و: د.حەمید عەزیز ،هەولێر، ، چ. یەکەم ،چ. ئاراس ،٢٠٠٦

٦- حشمەتوولا تەبیبی ،ئایین و زمان و رەچەلەکی کورد ، و:رەفعەت مورادی، سلێمانی ،٢٠٠٨

٧-- ئەنستاس مەری کەرمەلی ،کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکان جیلوە و مەسحەفارەش ،و:نەجاتی عەبدولا،هەولێر،چاپخانەی ئاراس ،١٩٤٧

٨- ڤیلادمیر مینۆرسکی ،کورد،و، حمە سعیدحمە کریم ، بەغداد،١٩٨٤

٩- مونیرە ئەبەبکر محمد ، پێگەی ئێزیدیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ،سلێمانی ،٢٠٠٩

١٠-حەبیبوللای تابانی ، هاونەتەوەی کورد و ماد ، و، جەلیل گادانی ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ،٢٠١٠

١١- نەجم ئەلوەنی ، ئاینی ئێزیدی لەنێوان چەند جەمسەری بروای یەکتاپەرستی دا ،هەولێر .چاپی یەکەم ،١٩٩٩

١٢- سەربەست حسێن،ئێزیدیەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا ،سلێمانی،چاپی دووەم ،٢٠٠٢

١٣- گیرترۆد هارتمان،بنیاتنەرانی دونیای دێرین،و:یادگار حەمە غەریب،هەولێر،چاپخانەی خانی(دهۆك)،چاپی یەکەم،٢٠٠٩

١٤- فرانتس کۆمۆن،نهێنیەکانی ئایینی میترائی،و: فەرهاد عەزیز خۆشناو،هەولێر،چاپخانەی خانی(دهوك)،چاپی یەکەم،٢٠٠٨

١٥- عەبدوڵلا غەفور ، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ، ٢٠٠٥ ، چاپی چوارەم

١٦- هەژار موکریانی،چێشتی مجێور،ب.ش.چ،چاپخانەی ئازادی،چاپی سێیەم،٢٠٠٩

١٧-مایکل گەنتەر ، فەرهەنگی مێژووی کورد ، و، مامکاك ، چاپخانەی هەولێر ، ٢٠٠٧ ،چاپی یەکەم

سەرچاوە عەرەبیەکان :

١- أزاد سعيد سمو ، اليزدية من خلال نصوصها المقدسة، بيروت ،٢٠٠١، الطبع الاول

٢- سليم مطر ، موسوعة اللغات العراقية(خمسة الاف عام من كلام النهرين)،بغداد ،مركز دراسات الامة (ميزوبوتاميا)،الطبع ألاول، ٢٠٠٩

٣- د.خليل جندى ،الايزيدية و الامتحان الصعب ،هولير،٢٠٠٨

٤- امين فرحان جيجو ،القومية الايزيدية (جذورها-مقوماتها-معاناتها)،بغداد،دارالكتب،٢٠١٠

٥- ارشد حمد حمو ،الايزيديون في كتب الرحالة البريطانين،دهوك،مطبعة (خانى)،دهوك،طبع اول،٢٠١٢

سەرچاوەی فارسی :

١- محمد التونجى ،يزيديان يان شيتان پرستان ،بدون مكان چاپ، كتابخانه بزرگ ايران ،٢٠٠٠

گۆڤارە کوردیەکان :

١- لاوك،يەزيديەكان لە مێژووی نەتەوەكەياندا،كۆڤاری (چيا)،سلێمانی ،كانونی دووەم٢٠١٠ ،ژمارە ٢٩

٢- باقی هەورامی ،زەردەشت يان زەرتەشتی كوردی ،سلێمانی ،گۆڤاری وەرزی هەورامان ،ژمارە ١ ،٢٠٠٩

٣- ئازاد عبدولواحيد ،گ.ڕامان ،ژ.١٦٥ ،خوولی سێ يەم ، شووباتی ٢٠١١

٤- سەلام ناوخۆش ، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ڕۆژنامەی هەولێر دەری دەكات ، ژ٤٠ ،هەفتەی ٢٩_تەمموزی ٢٠١٠

گۆڤارە عەرەبیەکان :

١- د.عايده بدر ،بين الميترائية و الايزيدية، مجلة لالش،دهوك،عدد ٣٦، ٢٠١٢

٢- نصر حاجى خدر،اوجه التشابة بين الديانتين الكورديتين(اليزيدية و الكاكائية)، مجلة لالش ،دهوك،عدد٢٠١١،٣٣